بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میرەبان

المص (1)

سەرنجی سەرەتای سوورەتی (البقرة) بدە.

كِتَابٌ أُنزِلَ إِلَيْكَ فَلاَ يَكُن فِي صَدْرِكَ حَرَجٌ مِّنْهُ لِتُنذِرَ بِهِ وَذِكْرَى لِلْمُؤْمِنِينَ (2)

(ئەم قورئانە) کتێبێکەو بۆمان ڕەوانە کردوویت، مەهێڵە سەغڵەتی لە دڵ و دەروونتا دروست ببێت (لەگەیاندنی دا) بەڵکو خەڵکی پێ بێدار بکەیتەوە، هەروەها یادخەرەوەشە بۆ ئیمانداران.

اتَّبِعُواْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ وَلاَ تَتَّبِعُواْ مِن دُونِهِ أَوْلِيَاء قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ (3)

(خەڵکینە) شوێنی ئەو (بەرنامەیە) بکەون کە لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆتان ڕەوانە کراوە، کەسی تر جگە لەو زاتە مەکەنە پشتیوانی خۆتان و شوێنی کەسی تر مەکەون، کەمێك یاداوەری وەرگرن و بیر بکەنەوە.

وَكَم مِّن قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَاهَا فَجَاءهَا بَأْسُنَا بَيَاتًا أَوْ هُمْ قَآئِلُونَ (4)

چەندەها شارو دێمان وێران و کاول کرد لە کاتێکدا کە لە شەودا خەوتبوون، یا لەکاتی ئیسراحەتی نیوەڕۆدا بوون (کوتوپڕ سزاو تۆڵەی ئێمە یەخەی پێ گرتن).

فَمَا كَانَ دَعْوَاهُمْ إِذْ جَاءهُمْ بَأْسُنَا إِلاَّ أَن قَالُواْ إِنَّا كُنَّا ظَالِمِينَ (5)

(ئەو کاتە کە سزای ئێمە یەخەی پێ گرتن) دوعاو نزایان تەنها ئەوە بوو کە دەیان ووت: بەڕاستی ئێمە ستەمکار بووین، بەڕاستی ئێمە یاخی بووین.

فَلَنَسْأَلَنَّ الَّذِينَ أُرْسِلَ إِلَيْهِمْ وَلَنَسْأَلَنَّ الْمُرْسَلِينَ (6)

بێگومان ئێمە پرسیار دەکەین (لەو خەڵکەی کە پێغەمبەرانمان) بۆ ڕەوانە کردوون، وە پرسیار لە پێغەمبەرانیش دەکەین (دەربارەی هەڵوێستی ئەو خەڵکە بەرانبەریان).

فَلَنَقُصَّنَّ عَلَيْهِم بِعِلْمٍ وَمَا كُنَّا غَآئِبِينَ (7)

بەراستی هەموو بەسەرهاتەکان لەسەر بنچینەی زانیاری و ئاگاداریی تەواو دەخەینە ڕوو، چونکە هەرگیز ئێمە بێ ئاگا نەبووین (لە هەڵسوکەوت و ڕووداوەکان).

وَالْوَزْنُ يَوْمَئِذٍ الْحَقُّ فَمَن ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ (8)

ئەو ڕۆژە (ڕۆژی قیامەت) هەموو کردارو گوفتارەکان بە تەرازوو پێوەری ڕاست و دروست دەکێشرێن و دەپێورێن ئەوەی تەرازوی (خێرو چاکەی) سەنگین بێت،ئەوە ئیتر ئەو جۆرە کەسانە سەرکەوتوو سەرفرازن.

وَمَنْ خَفَّتْ مَوَازِينُهُ فَأُوْلَئِكَ الَّذِينَ خَسِرُواْ أَنفُسَهُم بِمَا كَانُواْ بِآيَاتِنَا يِظْلِمُونَ (9)

(بەڵام) ئەوەی تەرازووی (خێرو چاکەی سووك بێت) ئەوە ئەو جۆرە کەسانە خۆشیان لەدەست داوەو خۆیشیان فەوتاندووە بەهۆی ئەوەی کە بڕوایان بە بەڵگەو ئایەتەکانی ئێمە نەبووە و ستەم پیشە بوون.

وَلَقَدْ مَكَّنَّاكُمْ فِي الأَرْضِ وَجَعَلْنَا لَكُمْ فِيهَا مَعَايِشَ قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ (10)

بێگومان ئێمە ئێوەمان دامەزراندووە لە زەویدا، وە جۆرەها هۆکاری ژیانمان تێیدا بۆ سازاندوون ( لە خواردن و خواردنەوەو هۆکارەکانی گواستنەوەو پۆشاک و ناو ماڵ و ئاوو هەواو...هتد) کەچی لەبەرانبەر ئەو هەموو نازو نیعمەتە بێ شومارە) زۆر کەمتان سوپاسگوزارن.

وَلَقَدْ خَلَقْنَاكُمْ ثُمَّ صَوَّرْنَاكُمْ ثُمَّ قُلْنَا لِلْمَلآئِكَةِ اسْجُدُواْ لآدَمَ فَسَجَدُواْ إِلاَّ إِبْلِيسَ لَمْ يَكُن مِّنَ السَّاجِدِينَ (11)

بەڕاستی هەر ئێمە لە سەرەتاوە ئێوەمان دروستکردووە و نەخش و نیگاری ڕواڵەت و ڕوخساری ئێوەمان کێشاوە، پاشان فەرمانمان داوە بە فریشتەکان و پێمان گوتوون: ئادەی سوژدە بەرن بۆ ئادەم (سوژدەی ڕێز، وە بەفەرمانی خوا) هەموو فریشتەکان سوژدەیان برد جگە لە ئیبلیس (کە فەرمانی خوای شکاندو) لە سوژدەبەران نەبوو.

قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلاَّ تَسْجُدَ إِذْ أَمَرْتُكَ قَالَ أَنَاْ خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِي مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُ مِن طِينٍ (12)

(خوا) فەرمووی: باشە، ئەوە تۆ (ئەی ئیبلیس) چی وای لێ کردی کە سوژدە نەبەیت کەتێك کە فەرمانم پێ دایت؟ (شەیتان) وتی: من لەو چاکترم (چونکە) تۆ منت لە ئاگر دروست کردووە، بەڵام ئەوت لە خاك بەدی هێناوە.

قَالَ فَاهْبِطْ مِنْهَا فَمَا يَكُونُ لَكَ أَن تَتَكَبَّرَ فِيهَا فَاخْرُجْ إِنَّكَ مِنَ الصَّاغِرِينَ (13)

(خوا) فەرمووی: دەی کەواتە بچۆ دەرەوەو لە بەهەشتدا مەمێنە، چونکە تۆ بۆت نیە لەناو (ئەو شوێنە بەرزو بڵندەدا کە من پێم بەخشیویت) فیز بکەیت و خۆت بەگەورە دانێیت، تا زووە دەرچۆ، چونکە تۆ ئیتر ڕیسواو بچوك و بێ نرخیت.

قَالَ أَنظِرْنِي إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ (14)

(شەیتان وتی:) (داواکارم کە) مۆڵەتم بدەیت تا ڕۆژی قیامەت، ئەو ڕۆژەی (کە هەموو نەوەی ئادەم) زیندوو دەکەیتەوە.

قَالَ إِنَّكَ مِنَ المُنظَرِينَ (15)

(خوا) فەرمووی: (قەیناکا) من مۆڵەتت دەدەم.

قَالَ فَبِمَا أَغْوَيْتَنِي لأَقْعُدَنَّ لَهُمْ صِرَاطَكَ الْمُسْتَقِيمَ (16)

(شەیتان) وتی: چونکە سەرگەردانت کردم (شەرت بێت منیش) لەسەر ڕێگە ڕاستەکەت بۆیان دانیشم و وێڵیان بکەم.

ثُمَّ لآتِيَنَّهُم مِّن بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ وَعَنْ أَيْمَانِهِمْ وَعَن شَمَآئِلِهِمْ وَلاَ تَجِدُ أَكْثَرَهُمْ شَاكِرِينَ (17)

پاشان لەبەردەمیانەوە، لە پشتیانەوە، لەلای ڕاستیانەوە، لەلای چەپیانەوە، بۆیان دانیشم و پەلاماریان بدەم (تا وای لێ دەکەم) نابینی زۆربەیان سوپاسگوزارو (قەدرزانت بن).

قَالَ اخْرُجْ مِنْهَا مَذْؤُومًا مَّدْحُورًا لَّمَن تَبِعَكَ مِنْهُمْ لأَمْلأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكُمْ أَجْمَعِينَ (18)

(خوا) فەرمووی (لەم جێگە پیرۆزە) دەرچۆرە دەرەوە بە سەرشۆڕیی و خەجاڵەتیی، سوێند بێت هەرچی شوێنت بکەوێت دۆزەختان لێ پڕ بکەم.

وَيَا آدَمُ اسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ فَكُلاَ مِنْ حَيْثُ شِئْتُمَا وَلاَ تَقْرَبَا هَذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ (19)

(تۆش) ئەی ئادەم، خۆت و هاوسەرەکەت لە بەهەشتدا جێ نشین بن، لەهەرچی (خواردەمەنی و میوەیە) بخۆن بە ئارەزووی خۆتان، بەڵام نزیکی ئەم درەختە مەکەون (درەختێکی تایبەتی بەردار بوو بۆ تاقی کردنەوەیان خوای گەورە بڕیاری دا کە هەر نزیکی نەکەون، چ جای لە بەروبوومی بخۆن) تا نەچنە ڕیزی یاخی و ستەمکارانەوە.

فَوَسْوَسَ لَهُمَا الشَّيْطَانُ لِيُبْدِيَ لَهُمَا مَا وُورِيَ عَنْهُمَا مِن سَوْءَاتِهِمَا وَقَالَ مَا نَهَاكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هَذِهِ الشَّجَرَةِ إِلاَّ أَن تَكُونَا مَلَكَيْنِ أَوْ تَكُونَا مِنَ الْخَالِدِينَ (20)

شەیتان (ئەو سنورەی بۆ ئادەم و حەوا بە فرسەت زانی و کەوتە فڕێدانی وەسوەسەو خەتەرەو خەیاڵ بۆ ناودڵ و دەرونیان تا عەیب و

عاریان بخاتە بەرچاوی یەکتر (دوایی خۆی ئاشکرا کردو پێی) وتن: بۆیە پەروەردگارتان ئەم درەختەی لێ قەدەغە کردوون تا نەبنە فریشتە (وە بەخوێندنەوەیەکی تر تا نەبنە پاشا "ملکین")، یاخود بۆ ئەوەیە کە ژیانیان هەمیشە نەبێت (تەمەن کۆتا بن!!).

وَقَاسَمَهُمَا إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ النَّاصِحِينَ (21)

(شەیتان زانی کە دەترسین و دوودڵن) سوێندی بۆ خواردن (کە من دڵسۆزتانم و) ئامۆژگاری (خێرتان) دەکەم!!

فَدَلاَّهُمَا بِغُرُورٍ فَلَمَّا ذَاقَا الشَّجَرَةَ بَدَتْ لَهُمَا سَوْءَاتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِن وَرَقِ الْجَنَّةِ وَنَادَاهُمَا رَبُّهُمَا أَلَمْ أَنْهَكُمَا عَن تِلْكُمَا الشَّجَرَةِ وَأَقُل لَّكُمَا إِنَّ الشَّيْطَآنَ لَكُمَا عَدُوٌّ مُّبِينٌ (22)

ئیتر بە فێڵ و پیلان (وردە وردە بەرەو لای درەختەکە بردن) ئەوسا ئیتر هەر تامی (بەروبوومی) درەختەکەیان چەشت هەرچی عەیب و عاریان هەیە کەوتە دەرەوە (ناچار بە پەلە) دەستیان دایە گەڵاو گوڵی درەختەکانی بەهەشت (تا خۆیانی پێ داپۆشن)، ئەوسا پەروەردگاریان بانگی کردن و فەرمووی: مەگەر من قەدەغەی ئەو درەختەم لێ نەکردن، مەگەر پێم نەوتن، کە شەیتان دوژمنی ئاشکرای ئێوەیە؟!

قَالاَ رَبَّنَا ظَلَمْنَا أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ (23)

(ئەوسا ئیتر هەردووکیان هەستیان بە هەڵەی خۆیان کردو) وتیان: پەروەردگارا ئێمە ستەممان لە خۆمان کرد، جا ئەگەر لێمان خۆش نەبی و بەزەییت پیاماندا نەیەتەوە، بەڕاستی خەسارەتمەندو زەرەرمەندین.

قَالَ اهْبِطُواْ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِي الأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَى حِينٍ (24)

(خوای گەورە) فەرمووی: ئیتر دابەزن هەندێکتان دوژمنی هەندێکتانن (شەیتان دارو دەستەی دوژمنی ئێوەن، وە نەوەی ئادەمیش بەهۆی

پیلانی شەیتانەوە دوژمنایەتی یەکتر دەکەن)، (دابەزن) لەسەر زەویدا نیشتەجێ بوونتان بۆ سازدراوە، (لە نازو نیعمەت بەهرەوەر دەبن) تا کاتێکی دیاری کراو.

قَالَ فِيهَا تَحْيَوْنَ وَفِيهَا تَمُوتُونَ وَمِنْهَا تُخْرَجُونَ (25)

(دووبارە خوا) فەرمووی: ئیتر ژیانتان هەر لە سەر زەویدا دەبێت، هەر لەوێش دەمرن و (تێکەڵ بە خاکی دەبن، لە کاتی دیاری کراویشدا) هەر لەوێ سەر دێننە دەرەوە.

يَا بَنِي آدَمَ قَدْ أَنزَلْنَا عَلَيْكُمْ لِبَاسًا يُوَارِي سَوْءَاتِكُمْ وَرِيشًا وَلِبَاسُ التَّقْوَىَ ذَلِكَ خَيْرٌ ذَلِكَ مِنْ آيَاتِ اللّهِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ (26)

ئەی نەوەی ئادەم ئێمە پۆشاکی لەبارمان بۆ فەراهەم هێناون کە خۆتانی پێ بپۆشن، هەروەها جل و بەرگی (جوانیش) کە خۆتانی پێ بڕازێننەوە (بەڵام بیرتان نەچێت) کە پۆشاکی تەقواو خواناسی چاکترو خێردارترو بەفەڕترە، ئەم (پۆشاکە ئاشکراو پەنهانانە) لە نیشانەو بەڵگەکانی خوای گەورەن تا یادی (ئەو نازو نیعمەتانە) بکەن و هەستی پێ بکەن.

يَا بَنِي آدَمَ لاَ يَفْتِنَنَّكُمُ الشَّيْطَانُ كَمَا أَخْرَجَ أَبَوَيْكُم مِّنَ الْجَنَّةِ يَنزِعُ عَنْهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوْءَاتِهِمَا إِنَّهُ يَرَاكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُ مِنْ حَيْثُ لاَ تَرَوْنَهُمْ إِنَّا جَعَلْنَا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاء لِلَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ (27)

ئەی نەوەی ئادەم: شەیتان، ئێوەش لە خشتە نەبات هەروەك باوانتانی لەخشتە بردو لەبەهەشتدا بەدەرکردنی دان، خۆی دەستی کرد بە داماڵینی پۆشاکەکانیان تا عەیب و عاریان پیشان یەکتر بدات، بێگومان شەیتان و دارودەستەی، ئێوە دەبینن، بەڵام کە ئێوە ئەوان نابینن، جا دڵنیا بن کە ئێمە شەیتانەکانمان کردووە بە یارو یاوەری ئەوانەی کە باوەڕ ناهێنن.

وَإِذَا فَعَلُواْ فَاحِشَةً قَالُواْ وَجَدْنَا عَلَيْهَا آبَاءنَا وَاللّهُ أَمَرَنَا بِهَا قُلْ إِنَّ اللّهَ لاَ يَأْمُرُ بِالْفَحْشَاء أَتَقُولُونَ عَلَى اللّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ (28)

هەرکاتێك (بێ باوەڕان) تاوان و گوناهێك ئەنجام دەدەن دەڵێن:
باوانیشمان لەم جۆرە کارانەی دەکرد، خوای گەورە خۆی فەرمانی پێداوین!! پێیان بڵێ: (من بڕوا ناکەم، چونکە) هەرگیز خوا فەرمان بە گوناهو تاوان و کاری نابەجێ نادات، چۆن (جەسارەت دەکەن و) شتێك هەڵدەبەستن بۆ خوا کە نایزانن و (دوورە لە ڕاستیەوە).

قُلْ أَمَرَ رَبِّي بِالْقِسْطِ وَأَقِيمُواْ وُجُوهَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ وَادْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ كَمَا بَدَأَكُمْ تَعُودُونَ (29)

(ئەی محمد صلى الله عليه وسلم) بڵێ: پەروەردگارم فەرمانی بە دادپەروەری داوە (لە هەرشوێن و کاتێکدا) لە کاتی هەر پەرستن و نوێژێکدا، لە هەموو مزگەوتێکدا، ڕووی دڵ و ڕوخسارتان با (لە پەروەردگارتان بێت)، هاناو نزاتان دڵسوزانە با ڕوو لەو زاتە بێت، (چونکە) هەر چۆن دروستی کردوون لەسەرەتاوە، (لە ئایندەش دا) هەر بۆلای ئەو دەگەڕێنەوە.

فَرِيقًا هَدَى وَفَرِيقًا حَقَّ عَلَيْهِمُ الضَّلاَلَةُ إِنَّهُمُ اتَّخَذُوا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاء مِن دُونِ اللّهِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ (30)

(ئەو کاتە دەبنە دوو دەستە) دەستەیەك هیدایەت و ڕێنمویی وەرگرتووە، دەستەیەکیش بڕیاری گومڕایی و سەرلێشێواوی بەسەر خۆیدا چەسپاندووە، ئەوانە کاتی خۆی پشتیان بە شەیتانەکان بەستبوو (ئەڵقە لە گوێی ئەوان بوون)، واش دەزانن کە ڕێگەی ڕاست و دروستیان گرتۆتە بەر.

يَا بَنِي آدَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ وكُلُواْ وَاشْرَبُواْ وَلاَ تُسْرِفُواْ إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ (31)

ئەی نەوەی ئادەم خۆتان بڕازێننەوە بە پۆشاکی جوان و پاك و خاوێن و ڕێك و پێك، هەروەها پۆشاکی تەقواو دینداریش بپۆشن لە هەموو مزگەوت و سوژدەگاهێکدا، بخۆن و بخۆنەوە (لە نازو نئعمەتەکان)

بەڵام زیادەڕەوی مەکەن چونکە بەڕاستی ئەو زاتە لە سنوور دەرچوان و زیادەڕەوانی خۆش ناوێت.

قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللّهِ الَّتِيَ أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالْطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ قُلْ هِي لِلَّذِينَ آمَنُواْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ كَذَلِكَ نُفَصِّلُ الآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ (32)

(ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پێیان) بڵێ: کێ زینەت و جوانیەکانی خوای پەروەردگاری حەرام کردووە کە خۆی بەدیهێناون، هەروەها کێ ڕزق و ڕۆزی چاکی حەرام کردووە؟! (بەو خەڵکە) بڵێ: (هەموو ئەو شتانە) بۆ ئیماندارانیشە لە ژیانی دنیادا، بەڵام لە قیامەتدا تەنها تایبەتی ئەوانە، ئا بەو شێوەیە ئایەتەکان ڕوون دەکەینەوە بۆ کەسانێك کە تێ بگەن و هۆشیار بن.

قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَالإِثْمَ وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَأَن تُشْرِكُواْ بِاللّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا وَأَن تَقُولُواْ عَلَى اللّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ (33)

هەروەها پێیان بڵێ: پەروەردگارم هەرچی گوناهو تاوانی دیارو نادیارە حەرامی کردووە (چ ئەوانەی بەئاشکرا ئەنجام دەدرێن، چ ئەوانەی لە نهێنی دا، دوور لەچاوی خەڵکی، یاخود لە دڵ و دەروونەکان دا شاراوەن وەکو حەسودی و بوغزو کینە)، هەروەها هەموو لە سنوور دەرچوون و دەستدرێژیەك، هەموو ستەمێکی بەناحەقی (حەرام کردووە)، شەریك و هاوەڵ بۆ خوا بڕیاردان، کە هەمیشە بێ بەڵگەیە (حەرام و نابەجێیە)، هەڵبەستنی شت بەناوی خواوە، دوور لە هەموو زانیاری و زانستێك (حەرام و ناپەسەندە).

وَلِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ فَإِذَا جَاء أَجَلُهُمْ لاَ يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلاَ يَسْتَقْدِمُونَ (34)

(هەموو نەتەوەیەك تەمەنی سنووردارە)، لە کاتی دیاریکراودا کۆتایی بەدەوری دەهێنرێت، هەرکاتێ ڕۆژیان تەواو بوو تاوێك دواناخرێن و تاوێکیش پێش ناکەون.

يَا بَنِي آدَمَ إِمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ يَقُصُّونَ عَلَيْكُمْ آيَاتِي فَمَنِ اتَّقَى وَأَصْلَحَ فَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ (35)

ئەی نەوەی ئادەم، ئەوەتە پێغەمبەرانتان هەر لە خۆتان بۆ ڕەوانە دەکەم کە ئایەتەکانی منتان بەسەردا دەخوێننەوەو بۆتان باس دەکەن، جا ئەوەی تەقوای هەبێت و لە خوا ترس بێت، ئەو جۆرە کەسانە هیچ ترس و بیمێك ڕوویان تێ ناکاو غەم و پەژارە تووشیان نابێت.

وَالَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا وَاسْتَكْبَرُواْ عَنْهَا أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ (36)

بەڵام ئەوانەی کە ئایەتەکانی ئێمە بە درۆ دەخەنەوە، خۆیان بە گەورە دەزانن لە بەرانبەرییەوە ئەوانە نیشتەجێی ناو ئاگری دۆزەخن و تیای دا ژیانی هەمیشەیی دەبەنە سەر.

فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِآيَاتِهِ أُوْلَئِكَ يَنَالُهُمْ نَصِيبُهُم مِّنَ الْكِتَابِ حَتَّى إِذَا جَاءتْهُمْ رُسُلُنَا يَتَوَفَّوْنَهُمْ قَالُواْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللّهِ قَالُواْ ضَلُّواْ عَنَّا وَشَهِدُواْ عَلَى أَنفُسِهِمْ أَنَّهُمْ كَانُواْ كَافِرِينَ (37)

ئایا کێ هەیە لەو کەسە ستەمکارتر کە بەدەم خواوە درۆ هەڵدەبەستێت، یا ئایەتەکانی بەدرۆ دەخاتەوە، ئەوانە ئەوەی کە بۆیان بڕیار دراوە لە دنیادا دەستیان دەکەوێت، هەتا ئەو کاتەی فریشتە نێردراوەکانمان دەچن بۆ گیانکێشنیان (ئەوسا پێیان) دەڵێن: کوان ئەوانەی کە جگە لە خوا هاناو هاوارتان بۆ دەبردن؟! (بە سەرسامیەوە) دەڵێن (نازانین) لێمان ون بوون، (ئەوسا بە ناچاریی) شایەتی لەخۆیان دەدەن کە: ئەوان هەر کافرو بێ باوەڕ بوون.

قَالَ ادْخُلُواْ فِي أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِكُم مِّن الْجِنِّ وَالإِنسِ فِي النَّارِ كُلَّمَا دَخَلَتْ أُمَّةٌ لَّعَنَتْ أُخْتَهَا حَتَّى إِذَا ادَّارَكُواْ فِيهَا جَمِيعًا قَالَتْ أُخْرَاهُمْ لأُولاَهُمْ رَبَّنَا هَؤُلاء أَضَلُّونَا فَآتِهِمْ عَذَابًا ضِعْفًا مِّنَ النَّارِ قَالَ لِكُلٍّ ضِعْفٌ وَلَكِن لاَّ تَعْلَمُونَ (38)

(ئەوسا خوا فەرمانی داو) فەرمووی: دەبچنە ڕیزی ئەو کۆمەڵانەوە کە پێش ئێوە هەبوون و (لە گومڕاکان) لە دەستەی پەری و ئادەمیزادەکان لە ناو دۆزەخ دا، هەر کۆمەڵ و دەستەیەك دەچنە ناوی نەفرین لە هاو ئاین و هاوبیرانیان دەکەن، هەتا ئەو کاتەی هەموویان کۆ دەکرێنەوەو دەدرێن بەسەریەکدا لە ناویدا، دوایینەکان (بە یەك دەنگ نزا دەکەن) لە پێشینەکان و دەڵێن: پەروەردگارا ئا ئەوانە ئێمەیان گومڕا کرد (داواکارین) کە لەناو دۆزەخ دا سزای دووبەرانبەریان بدەیت!! (خوای گەورەش دەفەرمویێت): بۆ هەموو لایەك (سزاو تۆڵە) دوو بەرانبەرە بەڵام ئێوە پێی نازانن.

وَقَالَتْ أُولاَهُمْ لأُخْرَاهُمْ فَمَا كَانَ لَكُمْ عَلَيْنَا مِن فَضْلٍ فَذُوقُواْ الْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْسِبُونَ (39)

(پاشان) دەستە پێشووەکان بە دواییەکان دەڵێن: وەنەبێت ئێوە هیچ ڕیزو فەزڵێکتان هەبێت بەسەر ئێمەدا، دە ئێوەش بچێژن سزاو ئازار بەهۆی ئەو کارو کردەوە نالەبارانەوە کە ئەنجامتان دەدا.

إِنَّ الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا وَاسْتَكْبَرُواْ عَنْهَا لاَ تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَابُ السَّمَاء وَلاَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى يَلِجَ الْجَمَلُ فِي سَمِّ الْخِيَاطِ وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُجْرِمِينَ (40)

بێگومان ئەوانەی کە ئایەتەکانی ئێمە بەدرۆ دەخەنەوە و خۆیان لە ئاستیا بە گەورە دادەنێن، دەروازەکانی ئاسمانیان لێ ناکرێتەوە، وە ناشچنە بەهەشتەوە هەتا وشتر نەچێت بە کونی دەرزیدا، ئا بەو شێوەیە ئێمە پاداشتی تاوانباران و تاوانکاران دەدەینەوەو تۆڵەیان لێ دەسێنین.

لَهُم مِّن جَهَنَّمَ مِهَادٌ وَمِن فَوْقِهِمْ غَوَاشٍ وَكَذَلِكَ نَجْزِي الظَّالِمِينَ (41)

ئەوانە لەناو دۆزەخدا ڕایەخی ئاگرینیان بۆ داخراوە، لە سەروشیانەوە (سەقف و بەتانی و لێفەی) ئاگرین داپۆشیون، بێگومان هەر بەو شێوەیە پاداشتی ستەمکاران دەدەینەوەو تۆڵەیان لێ دەستێنین.

وَالَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ لاَ نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلاَّ وُسْعَهَا أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ (42)

(له لایەکی ترەوە) ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە و کارو کردەوەی چاکیان ئەنجام داوە (بەمەرجێك) ئێمە لە توانای هەرکەس زیاتر داخوازی ناکەین، ئەوانە خاوەن و نیشتەجێی بەهەشتن و ژیانی هەمیشەیی و نەبڕاوە تیایدا دەبەنەسەر.

وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنْ غِلٍّ تَجْرِي مِن تَحْتِهِمُ الأَنْهَارُ وَقَالُواْ الْحَمْدُ لِلّهِ الَّذِي هَدَانَا لِهَذَا وَمَا كُنَّا لِنَهْتَدِيَ لَوْلا أَنْ هَدَانَا اللّهُ لَقَدْ جَاءتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِالْحَقِّ وَنُودُواْ أَن تِلْكُمُ الْجَنَّةُ أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ (43)

(هەر لە دەروازەی بەهەشتا) هەرچی داخ و بوغزو کینەیەك هەیە (ئەگەر) لە دڵ و دەروون و سینەیاندا هەبێت، خوای گەورە دەری دێنێت (تا بە سینەیەکی ساف و دڵ و دەروونێکی بێ گەردەوە بچنە ناو بەهەشتەوە) کە جۆگەو ڕووبار بە ژێر درەختەکانیاو بە بەردەم کۆشکەکانی دا ڕەوان و جاریە. (ئەوسا ئیتر هەموان بە یەك دەنگ و یەك ئاواز) دەڵێن: سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە هیدایەتی داین بۆ ئەوەی بەم جێگەو ڕێگە خۆشە شاد بین، ئەگەر ئەو خوایە هیدایەت و ڕێنموونی نەکردینایە هەرگیز ڕێگای هیدایەتمان نەدەزانی و نەمان دەگرتە بەر، بەڕاستی پێغەمبەرانی پەروەردگارمان حەق و ڕاستییان پێ بوو، وە حەق و ڕاستیان گەیاند، ئەوجا بانگیان لێ دەکرێت (تا ئەوەندەی تر دڵخۆش و شادمان بن) جا ئەو بەهەشتەی ئێوە بوون بە میراتگرو خاوەنی، لە پاداشتی کارو کردەوەی خۆتاندایە.

وَنَادَى أَصْحَابُ الْجَنَّةِ أَصْحَابَ النَّارِ أَن قَدْ وَجَدْنَا مَا وَعَدَنَا رَبُّنَا حَقًّا فَهَلْ وَجَدتُّم مَّا وَعَدَ رَبُّكُمْ حَقًّا قَالُواْ نَعَمْ فَأَذَّنَ مُؤَذِّنٌ بَيْنَهُمْ أَن لَّعْنَةُ اللّهِ عَلَى الظَّالِمِينَ (44)

(پاشان) خاوەنانی بەهەشت بانگی نیشتەجێکانی دۆزەخ دەکەن و دەڵێن: بەڕاستی ئەو بەڵێنەی کە پەروەردگارمان پێی دابووین (دەستمان کەوت و) پێی بەخشین، ئایا ئێوەش پێی شاد بوون؟! (لە وەڵامدا بە دڵ شکاوی

و غەم و پەژارەیەکی زۆرەوە) دەڵێن: بەڵی.. ئەوسا بەنگکەرێك لە نێوانیاندا بە دەنگی بەرز دەڵێت: نەفرەتی خوا لە ستەمکاران.

الَّذِينَ يَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللّهِ وَيَبْغُونَهَا عِوَجًا وَهُم بِالآخِرَةِ كَافِرُونَ (45)

ئەوانەی کە بەرهەڵستی ڕێبازی خوایان دەکرد و کۆسپ و تەگەرەیان دەخستە ڕێگەی، وە بە خوارو خێچی و ناتەواویی دەیانویست، ئەوانە باوەڕیان بە قیامەت و زیندووبونەوە و لێپرسینەوە نەبوو.

وَبَيْنَهُمَا حِجَابٌ وَعَلَى الأَعْرَافِ رِجَالٌ يَعْرِفُونَ كُلاًّ بِسِيمَاهُمْ وَنَادَوْاْ أَصْحَابَ الْجَنَّةِ أَن سَلاَمٌ عَلَيْكُمْ لَمْ يَدْخُلُوهَا وَهُمْ يَطْمَعُونَ (46)

لەنێوان (بەهەشتیان و دۆزەخیاندا) دیوارو شورایەکی بەرز هەیە، لەسەر ئەو دیوارو شورایە کەسانێك هەن هەردوولا بە چاکی دەناسن (کاتێ کە ڕوو دەکەنە بەهەشت) بانگ دەکەن لە نیشتەجێکان و دەڵێن: سڵاوتان لێ بێت (خۆشی لە خۆتان)، ئەوانە هێشتا نەچوونەتە ناوی بەڵام بە هیوان و ئومێدیان هەیە.

وَإِذَا صُرِفَتْ أَبْصَارُهُمْ تِلْقَاء أَصْحَابِ النَّارِ قَالُواْ رَبَّنَا لاَ تَجْعَلْنَا مَعَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ (47)

کاتێکیش ڕوویان دەکرێتە دۆزەخیان دەڵێ: پەروەردگارا مەمانخەرە ڕیزی دەستەی ستەمکارانەوە.

وَنَادَى أَصْحَابُ الأَعْرَافِ رِجَالًا يَعْرِفُونَهُمْ بِسِيمَاهُمْ قَالُواْ مَا أَغْنَى عَنكُمْ جَمْعُكُمْ وَمَا كُنتُمْ تَسْتَكْبِرُونَ (48)

ئەوانەی کەلە سەر شوراکەن بانگی کەسانێك دەکەن (لە دۆزەخیان) کە بەڕواڵەت و سیمایاندا دەیان ناسن و پێیان دەڵێن: (خۆ ئێستا لاتان ڕوونە) کە دارو دەستەو هێزو تواناو ماڵ و سامانتان فریایان نەکەوت؟! هەروەها فیزو خۆ فش کردنەوەتان بەهاناتانەوە نەهات!!

أَهَؤُلاء الَّذِينَ أَقْسَمْتُمْ لاَ يَنَالُهُمُ اللّهُ بِرَحْمَةٍ ادْخُلُواْ الْجَنَّةَ لاَ خَوْفٌ عَلَيْكُمْ وَلاَ أَنتُمْ تَحْزَنُونَ (49)

ئەوەتە ئەوانە (لە بەختەوەران) کە کاتی خۆی (بەگاڵتەوە) سوێندتان دەخوارد کە ڕەحمەت خوا ئەوانە ناگرێتەوە (ئەوەتە پێی فەرموون) دەبچنە بەهەشتەوە، نە ترس و بیمتان هەبێ نە غەم و پەژارەش.

وَنَادَى أَصْحَابُ النَّارِ أَصْحَابَ الْجَنَّةِ أَنْ أَفِيضُواْ عَلَيْنَا مِنَ الْمَاء أَوْ مِمَّا رَزَقَكُمُ اللّهُ قَالُواْ إِنَّ اللّهَ حَرَّمَهُمَا عَلَى الْكَافِرِينَ (50)

(دۆزەخیان بە دەم ئاهو ناڵەو غەم و پەژارەوە) هاوار لە بەهەشتیان دەکەن و لێیان دەپاڕێنەوە کە نەختێك ئاویان پێ ببەخشن، یا بەشیان بدەن لەو ڕزق و ڕۆزیانەی خوای پێی بەخشیون (بەهەشتیان لە وەڵامیاندا) دەڵێن: ئاخر خوا ئەو شتانەی حەرام کردووە لە کافرو بێ باوەڕان.

الَّذِينَ اتَّخَذُواْ دِينَهُمْ لَهْوًا وَلَعِبًا وَغَرَّتْهُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا فَالْيَوْمَ نَنسَاهُمْ كَمَا نَسُواْ لِقَاء يَوْمِهِمْ هَذَا وَمَا كَانُواْ بِآيَاتِنَا يَجْحَدُونَ (51)

ئەوانەی کە ئاینەکەیان بە گەمەو گاڵتە گرتبوو، ژیانی دنیا غەڕاو سەرگەردانی کردبوون، جا ئێمە ئەمڕۆ ئەوانە فەرامۆش دەکەین، هەروەکو ئەوان ئەم ڕۆژەیان فەرامۆش کردو لە بیر خۆیان بردەوە، هەروەها بەهۆی ئەوەشەوە کە دژی ئایەتەکانی ئێمە دەوەستان و بەربەرەکانێیان دەکرد.

وَلَقَدْ جِئْنَاهُم بِكِتَابٍ فَصَّلْنَاهُ عَلَى عِلْمٍ هُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ (52)

بەڕاستی ئێمە کتێبێکمان بۆ ڕەوانە کردون کە هەموو شتێکمان لەسەر بنچینەی زانستی و زانیاری تیایدا ڕوون کردۆتەوە، هیدایەت و ڕێنمویشە بۆ ئەو کەسانەی کە باوەڕ دێنن.

هَلْ يَنظُرُونَ إِلاَّ تَأْوِيلَهُ يَوْمَ يَأْتِي تَأْوِيلُهُ يَقُولُ الَّذِينَ نَسُوهُ مِن قَبْلُ قَدْ جَاءتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِالْحَقِّ فَهَل لَّنَا مِن شُفَعَاء فَيَشْفَعُواْ لَنَا أَوْ نُرَدُّ فَنَعْمَلَ غَيْرَ الَّذِي كُنَّا نَعْمَلُ قَدْ خَسِرُواْ أَنفُسَهُمْ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَفْتَرُونَ (53)

(بێ باوەڕان) چاوەڕێی پێشهاتەکاتنی هەڕەشە قورئانیەکان نەبێت (چاوەڕێی چی تر دەکەن)، جا ئەو ڕۆژەی کە (بەڵێن و هەڕەشەکان) دێتە سی، ئەوانەی کە پێشتر فەرامۆشیان کردبوو دەڵێن: بەڕاستی پێغەمبەرانی پەروەردگارمان حەقیقەت و ڕاستەقینەیان هێنا بوو (کەچی ئێمە بڕوامان پێ نەکردن) ئایا ئەوە کەسێك نیە تکامان بۆ بکات (بەڵکو خوا بمان بەخشێت)، یاخود بگەڕێینەوە (بۆ دنیاو) کارو کردەوەی (چاك) بکەین نەك ئەوەی کە ئەوسا دەمانکرد، بەڕاستی ئەوانە خۆشیان لە کیس چووەو هەرچی هەڵیان بەست و باوەڕیان پێی بوو لێیان ون بوو.

إِنَّ رَبَّكُمُ اللّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومَ مُسَخَّرَاتٍ بِأَمْرِهِ أَلاَ لَهُ الْخَلْقُ وَالأَمْرُ تَبَارَكَ اللّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ (54)

بێگومان پەروەردگارتان (الله)یە کە دروستکاری ئاسمانەکان و زەویە لەماوەی شەش ڕۆژدا (مەگەر هەر خۆیشی بزانێت ئەو ڕۆژانە ماوەیان چەندە)، پاشان لەسەر عەرش و تەختی فەرمانڕەوایی وەستا، (کە چۆنیەتی نەزانراوە) شەو، ڕۆژ دادەپۆشێت و بەشێنەیی (عەودالە) بەدوای دا، خۆرو مانگ و ئەستێرەکان (هەر هەموویان) بە فەرمانی ئەو کەوتونەتە گەڕو لەژێر فەرمانی دەرناچن، ئاگادار بن و بزانن و تێفکرێن کە: هەرچی دروستکراوە سەر بەو زاتەیەو ئەو بەدیهێناوە (الله) پەروەردگاری هەموو جیهانەکان.

ادْعُواْ رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ (55)

هاناو هاوار بکەن لە پەروەردگارتان بە پاڕانەوەی بەکوڵ، بە نهێنی (لە کات و شوێنی لەباردا) چونکە بەڕاستی ئەو زاتە دەستدرێژکارانی خۆش ناوێت (کە بەشێکیان ئەوانەن کە هاناو هاوار بۆ غەیری ئەو دەبەن).

وَلاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ بَعْدَ إِصْلاَحِهَا وَادْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا إِنَّ رَحْمَتَ اللّهِ قَرِيبٌ مِّنَ الْمُحْسِنِينَ (56)

(خەڵکینە) فەسادو گوناهو تاوان ئەنجام مەدەن لە زەویدا دوای ئەوەی کە چاکەکاریی ڕەنگی گرتووەو (خەڵکی خەریکن خووی پێوە دەگرن) وە هاناو هاوار بۆ خوا بەرن لە ترسی (سزای دۆزەخ) وە بەئومێدی (بەدەست هێنانی بەهەشت) بەڕاستی ڕەحمەتی خوا نزیکە لە چاکەکاران و چاکەخوازانەوە.

وَهُوَ الَّذِي يُرْسِلُ الرِّيَاحَ بُشْرًا بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ حَتَّى إِذَا أَقَلَّتْ سَحَابًا ثِقَالًا سُقْنَاهُ لِبَلَدٍ مَّيِّتٍ فَأَنزَلْنَا بِهِ الْمَاء فَأَخْرَجْنَا بِهِ مِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ كَذَلِكَ نُخْرِجُ الْموْتَى لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ (57)

هەر ئەو زاتەیە کە بای شەماڵ (هەڵگری هەڵمی ئاو) دەنێرێت پێش ئەوەی ڕەحمەتەکەی دابارێنێت (کە ئاوی بارانەو سەرچاوەی ژیانە) هەتا وای لێ دێت کە ئەو بایە هەوری سەنگین هەڵدەگرێت، ئەوسا دایدەبارێنین بەسەر ناوچەو وڵاتێکی مردوودا (بەو شێوەیە) ئاوی بارانی بۆ دەبارێنین، (کە لەم سەردەمەدا سوننەت و یاساکانی بەتەواوی روون بۆتەوە) جا بەهۆی (ئەو ئاوەوە) هەرچی بەروبومە دەری دێنین، جا هەر ئابەو شێوەیە، مردوانیش لەناخی زەوی دەردێنین و (زیندوتان دەکەینەوە) بەڵکو یاداوەری وەرگرن.

وَالْبَلَدُ الطَّيِّبُ يَخْرُجُ نَبَاتُهُ بِإِذْنِ رَبِّهِ وَالَّذِي خَبُثَ لاَ يَخْرُجُ إِلاَّ نَكِدًا كَذَلِكَ نُصَرِّفُ الآيَاتِ لِقَوْمٍ يَشْكُرُونَ (58)

خەوی بە پیت و چاك و ئاوەدان، دارو درەخت و ڕوەکی تێدا دەڕوێت بەفەرمانی پەروەردگاری، ئەوەی کە زۆنگ و پیس وبێ کەڵک بێت، شتی بێ سوودو بێفەڕ نەبێت هیچی لێ پەیدا نابێت، هەر بەو شێوەیە ئایەت و بەڵگە دێنینەوە بۆکەسانێک کە سوپاسی خوا دەکەن.

لَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَى قَوْمِهِ فَقَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ إِنِّيَ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ (59)

بەڕاستی (کاتی خۆی) ئێمە نوح مان ڕەوانە کرد بۆ سەر قەومەکەی، پێی وتن: ئەی گەل و هۆزم ئێوە هەر خوا بپەرستن، چونکە جگە لەو

زاته خوایەکی ترتان نیە بەڕاستی من دەترسم لە ڕۆژێکی سامناکدا
توشی بەڵایەکی زۆر سەخت ببن.

قَالَ الْمَلأُ مِن قَوْمِهِ إِنَّا لَنَرَاكَ فِي ضَلاَلٍ مُّبِينٍ (60)

(بەناو) پیاو ماقوڵان و ئاغاو کوێخای قەومەکەی (سەریان باداو) وتیان:
ئێمە لە گومڕاییەکی ئاشکرادا تۆ دەبینین!!..

قَالَ يَا قَوْمِ لَيْسَ بِي ضَلاَلَةٌ وَلَكِنِّي رَسُولٌ مِّن رَّبِّ الْعَالَمِينَ (61)

(نوح) وتی: ئەی قەوم و هۆزم من گومڕا نیم (بیر بکەنەوەو تێفکرن)
بەڵکو من پێغەمبەرێکم و لەلایەن پەروەردگاری جیهانەکانەوە ڕەوانە
کراوم.

أُبَلِّغُكُمْ رِسَالاَتِ رَبِّي وَأَنصَحُ لَكُمْ وَأَعْلَمُ مِنَ اللّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ (62)

پەیامەکانی پەروەردگارمتان پێ ڕادەگەیەنم، ئامۆژگاری (دڵسۆزانەتان)
دەکەم، ئەوەی من دەیزانم (دەربارەی گەورەیی و باڵادەستی) خوا ئێوە
نایزانن.

أَوَعَجِبْتُمْ أَن جَاءكُمْ ذِكْرٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَلَى رَجُلٍ مِّنكُمْ لِيُنذِرَكُمْ وَلِتَتَّقُواْ وَلَعَلَّكُمْ
تُرْحَمُونَ (63)

ئەوە بۆچی سەرسامن لەوەی کە یادخستنەوەتان لەلایەن پەروەردگارەوە
بۆ هاتووە لەڕێگەی پیاوێکی (ڕاستگۆوە) لەخۆتان تا بێدارتان بکاتەوە
دیندارو خواناس بن، بەڵکو سەرئەنجام ڕەحمتان پێ بکرێت.

فَكَذَّبُوهُ فَأَنجَيْنَاهُ وَالَّذِينَ مَعَهُ فِي الْفُلْكِ وَأَغْرَقْنَا الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا إِنَّهُمْ كَانُواْ
قَوْمًا عَمِينَ (64)

(دوای 950 ساڵ هەوڵ و کۆشش) هەر بە درۆیان خستەوە، بڕوایان
پێ نەکرد، ئێمەش خۆی و ئەو ئیماندارانەی کەلە تەکیا بوون لە
کەشتیەکدا ڕزگارمان کردن، وە ئەوانەمان غەرق کرد کە ئایەت و

(معجزة)كانی ئێمەیان بەدرۆ خستەوە، بەڕاستی ئەوانە قەومێکی کوێرو نابینا بوون (لە ئاستی ڕاستیەکاندا).

وَإِلَى عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ أَفَلاَ تَتَّقُونَ (65)

بۆ قەومی (عاد)یش (هود)ی برایانمان ڕەوانە کرد (هەروەکو نوح) وتی: ئەی گەل و عەشرەتم هەر خوا بپەرستن چونکە جگە لەو زاتە خوایەکی ترتان نیە، ئایا ئامادە نین لە خوا ترس و پارێزکار بن؟!

قَالَ الْمَلأُ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَوْمِهِ إِنَّا لَنَرَاكَ فِي سَفَاهَةٍ وِإِنَّا لَنَظُنُّكَ مِنَ الْكَاذِبِينَ (66)

کەسایەتی یەکان، ئەوانەی کە کافرو بێ باوەڕ بوون لە قەومەکەی وتیان: ئێمە تۆ وەك گێل و نەفام دەبینین، وە ئێمە تۆ بە یەکێك لە درۆزنان دەزانین.

قَالَ يَا قَوْمِ لَيْسَ بِي سَفَاهَةٌ وَلَكِنِّي رَسُولٌ مِّن رَّبِّ الْعَالَمِينَ (67)

(هود) فەرمووی: ئەی قەوم و عەشرەتم من نەفام نیم بەڵکو من فرستادەیەکم لەلایەن پەروەردگاری هەموو جیهانەکانەوە (هەڵبژێردراوم و ڕەوانە کراوم).

أُبَلِّغُكُمْ رِسَالاتِ رَبِّي وَأَنَاْ لَكُمْ نَاصِحٌ أَمِينٌ (68)

پەیامەکانی پەروەردگاری خۆمتان پێ ڕادەگەیەنم، بێگومان من ئامۆژگارێکی ئەمین و دڵسۆزم بۆتان.

أَوَعَجِبْتُمْ أَن جَاءكُمْ ذِكْرٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَلَى رَجُلٍ مِّنكُمْ لِيُنذِرَكُمْ وَاذكُرُواْ إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَاء مِن بَعْدِ قَوْمِ نُوحٍ وَزَادَكُمْ فِي الْخَلْقِ بَسْطَةً فَاذْكُرُواْ آلاء اللّهِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ (69)

ئایا ئەوە سەرسامی دەوێت کە یادخستنەوەیەکتان لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆ بێت لە ڕێگەی پیاوێکی (ناسراو و خزم و دۆست،

لەخۆتان) تا بێدارتان بکاتەوە، لە یادتان بێت کە (هەر خوا) ئێوەی کردۆتە جێ نشین دوای (لەناوبردنی) قەومی نوح، وە لەڕووی جەستەوە گەورەترو تەواو بەدی هێناون (کەواتە) یادی خوا بکەن بەڵکو سەرفراز بن.

قَالُواْ أَجِئْتَنَا لِنَعْبُدَ اللّهَ وَحْدَهُ وَنَذَرَ مَا كَانَ يَعْبُدُ آبَاؤُنَا فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَا إِن كُنتَ مِنَ الصَّادِقِينَ (70)

(کەچی قەومی نالەبار لە وەڵامیدا) وتیان: ئایا بۆ ئەوە ڕەوانە کراوی کە تەنها خوا بپەرستین و واز (لە هەموو) پەرستراوە بێنین (کە سالەهایە) باوانمان دەیانپەرستن؟! (وە بەگاڵتەو بێ باوەڕیەوە وتیان): کوا ئەو هەڕەشانەی کە لێمان دەکەیت، ئەگەر ڕاست دەکەی با بێتە دی!!

قَالَ قَدْ وَقَعَ عَلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ رِجْسٌ وَغَضَبٌ أَتُجَادِلُونَنِي فِي أَسْمَاء سَمَّيْتُمُوهَا أَنتُمْ وَآبَآؤكُم مَّا نَزَّلَ اللّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ فَانتَظِرُواْ إِنِّي مَعَكُم مِّنَ الْمُنتَظِرِينَ (71)

(هود) وتی: (مادەم وایە) ئیتر ئەوە بەڵاو ناخۆشی و خەشمی خواتان بەسەردا دەبارێت (لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا) ئایا (ئەوە ڕاستە) ئێوە موجادەلەو دەمەدەمێ دەکەن لەگەڵ من لەسەر کۆمەڵێك (بت) کە خۆتان و باوانتان ناوتان ناون، وە هیچ پەیوەیندیەکیان بە خواوە نیە، هیچ بەڵگەیەك لەلایەن خواوە ڕەوانە نەکراوە کە ئەوانە (بچوکترین کاریان بەدەست بێت) ئێوە چاوەڕێ بن، منیش لەتەکتانا چاوەڕێ دەبم (تا بزانین کەی خوای گەورە بەڵایەکتان بەسەر دێنێت).

فَأَنجَيْنَاهُ وَالَّذِينَ مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا وَقَطَعْنَا دَابِرَ الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا وَمَا كَانُواْ مُؤْمِنِينَ (72)

(هود)و ئەو (ئیماندارانەی) کە هاوبیری بوون، بەڕەحمەتیکی تایبەتی خۆمان، ڕزگارمان کردن، وە دوای ئەوانەمان بڕی کە ئایەت و بەڵگەکانی ئێمەیان بەدرۆ دەخستەوە، ئەوانە هەر باوەڕدار نەبون.

وَإِلَى ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ قَدْ جَاءتْكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ هَذِهِ نَاقَةُ اللّهِ لَكُمْ آيَةً فَذَرُوهَا تَأْكُلْ فِي أَرْضِ اللّهِ وَلاَ تَمَسُّوهَا بِسُوَءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (73)

بۆ سەر قەومی (ثمود)یش (صالح)ی برایانمان ڕەوانە کرد (ئەویش پێی وتن): ئەی قەوم و هۆزو گەلم هەر خوا بپەرستن چونکە جگە لەو خوایەکی ترتان نیە، ئەوەتا (معجزة)ی ئاشکراتان لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆ ڕەوانە کراوەو بۆ پێش هێنراوە، ئەمە وشترە (تایبەتیەکەی) خوایە (لەسەر داخوازی خۆتان) بەدی هێناوە (معجزة)یەکی ئاشکرایە، وازی لێ بێنن با بلەوەڕێت لەزەوی خواداو دەستدرێژی مەکەنە سەرو ئازاری مەدەن (چونکە هەر ئازارتاندا) سزاو بەڵایەکی بەئێش و ئازار داوێن گیرتان دەبێت.

وَاذْكُرُواْ إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَاء مِن بَعْدِ عَادٍ وَبَوَّأَكُمْ فِي الأَرْضِ تَتَّخِذُونَ مِن سُهُولِهَا قُصُورًا وَتَنْحِتُونَ الْجِبَالَ بُيُوتًا فَاذْكُرُواْ آلاء اللّهِ وَلاَ تَعْثَوْا فِي الأَرْضِ مُفْسِدِينَ (74)

ئەوەشتان لەیاد بێت و لەبیرتان نەچێت کە ئێوە جێنشینی قەومی عادن، ژیانتان لەسەر زەویدا بۆ ئاسان کراوە، لە دەشتەکاندا کۆشك و تەلار دروست دەکەن، لە شاخ و کێوەکاندا خانووبەرە دەتاشن (کەواتە بەردەوام) یادی نازو نیعمەتەکانی خوا بکەن، فەسادو گوناهو تاوان لەسەر زەوی دا بڵاو مەکەنەوە.

قَالَ الْمَلأُ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُواْ مِن قَوْمِهِ لِلَّذِينَ اسْتُضْعِفُواْ لِمَنْ آمَنَ مِنْهُمْ أَتَعْلَمُونَ أَنَّ صَالِحًا مُّرْسَلٌ مِّن رَّبِّهِ قَالُواْ إِنَّا بِمَا أُرْسِلَ بِهِ مُؤْمِنُونَ (75)

(دوای ئەو یاد خستنەوانەی صالح پێغەمبەر) ئاغاو کوێخاو بەناو پیاو ماقوڵان لە قەومەکەی، ئەوانەی کە خۆیان بە گەورە دەزانی وتیان: بەوانەی کە چەوسێنراوەو لاوازن و باوەڕیشیان هێناوە، باشە ئێوە بڕوا دەکەن کە صالح لەلایەن پەروەردگاریەوە ڕەوانە کرابێت؟! (ئیمانداران وتیان): بەدڵنیای یەوە ئێمە باوەڕمان بەو پەیامە هەیە کە بەودا ڕەوانە کراوە.

قَالَ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُواْ إِنَّا بِالَّذِيَ آمَنتُمْ بِهِ كَافِرُونَ (76)

(بەڵام) ئەوانەی کە خۆیان بە زل و گەورە دەزانی وتیان: ئێمە باوەڕمان نیە بەو پەیامەی ئێوە بڕواتان پێی هێناوە.

فَعَقَرُواْ النَّاقَةَ وَعَتَوْاْ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِمْ وَقَالُواْ يَا صَالِحُ ائْتِنَا بِمَا تَعِدُنَا إِن كُنتَ مِنَ الْمُرْسَلِينَ (77)

(ئەوجا تەگبیریان کرد لە) وشترەکەو سەریان بڕی و یاخی بوون لەفەرمانی پەروەردگاریان و وتیان: دە ئیتر ئادەی با ئەو هەڕەشانەی کە دەیکەی بێتە دی (ئەگەر ڕاست دەکەیت) و لە پێغەمبەرانیت.

فَأَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُواْ فِي دَارِهِمْ جَاثِمِينَ (78)

ئەوسا بومەلەرزەو دەنگێکی سامناك پێچانیەوەو هەموو لە ماڵەکانیاندا بە چۆکدا هاتن.

فَتَوَلَّى عَنْهُمْ وَقَالَ يَا قَوْمِ لَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ رِسَالَةَ رَبِّي وَنَصَحْتُ لَكُمْ وَلَكِن لاَّ تُحِبُّونَ النَّاصِحِينَ (79)

(پاشان دوای تیاچوونیان ئاوڕێکی لە وڵاتێکی وێرانیان) دایەوەو وتی: ئەی قەوم و عەشرەتم زۆرم پێ وتن، پەیامی پەروەردگارم بە چاکی پێ ڕاگەیاندن، ئامۆژگاری زۆرم کردن بەڵام (بەداخەوە) ئێوە کەسانی (دڵسۆزو) ئامۆژگارتان خۆش ناوێت.

وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ أَتَأْتُونَ الْفَاحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّن الْعَالَمِينَ (80)

(لوط پێغەمبەریش) بە قەومەکەی وت: چۆن ئێوە گوناهو تاوانێکی وا دەکەن کە تا ئێستا هیچ کەس گوناهو تاوانی وای نەکردووە.

إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الرِّجَالَ شَهْوَةً مِّن دُونِ النِّسَاء بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ مُّسْرِفُونَ (81)

ئێوە ئارەزووی (جنسی) خۆتان لەگەڵ پیاواندا ئەنجام دەدەن لەباتی ژنانی (هاوسەرتان)، بەڕاستی ئێوە قەومێکی تاوانبارو تاوانکارو ناپوختن.

وَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِ إِلاَّ أَن قَالُواْ أَخْرِجُوهُم مِّن قَرْيَتِكُمْ إِنَّهُمْ أُنَاسٌ يَتَطَهَّرُونَ (82)

وەڵامی قەومی (نالەباری) تەنها ئەوە بوو کە وتیان ئەمانە دەرکەن لە ئاوایی یەکەتاندا چونکە ئەمانە کەسانێکن (خۆیان) بەپاك دەزانن و (وەك ئێمە ناکەن)!!

فَأَنجَيْنَاهُ وَأَهْلَهُ إِلاَّ امْرَأَتَهُ كَانَتْ مِنَ الْغَابِرِينَ (83)

(ئێمەش) لوط و خانەوادەکەیمان ڕزگار کرد، جگە لە هاوسەرەکەی کە ئەویش لەو کەسانە بوو کە تیاچوون (چونکە باوەڕی بە لوط پێغەمبەر نەبوو).

وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِم مَّطَرًا فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُجْرِمِينَ (84)

ئەوسا (بەردمان) بەسەردا باراندن و سەنگ بارانمان کردن، جا تەماشا بکەو سەرنج بدەو پەند وەرگرەو بزانە سەرئەنجامی تاوانباران و بێ ڕەوشتیان چۆنە.

وَإِلَى مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ قَدْ جَاءتْكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ فَأَوْفُواْ الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ وَلاَ تَبْخَسُواْ النَّاسَ أَشْيَاءهُمْ وَلاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ بَعْدَ إِصْلاَحِهَا ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ (85)

بۆ هۆزی مەدیەنیش شوعەیبی برایمان ڕەوانە کرد ئەویش پێی وتن: ئەی قەوم و هۆزو گەلم تەنها خوا بپەرستن چونکە جگە لەو خوایەکی ترتان نیە، ئەوەتە بەڵگەو نیشانەشتان لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆ هاتوە (لەسەر ڕاستی پەیامەکەم، دە ئیتر لە خوا بترسن و) لە کێشان و پێواندا (فێڵ و تەڵەکە مەکەن و) مافی خۆی بدەنێ، شتی خەڵکی سوک

مەکەن و بێ نرخ تەماشای مەکەن، فەسادو تاوانباری و گوناه مەکەن لە زەویدا دوای چاکبوونی، ئەوەتان چاکترە بۆتان ئەگەر باوەڕتان (بە قسەو ئامۆژگاریی و دڵسۆزیم هەیە).

وَلاَ تَقْعُدُواْ بِكُلِّ صِرَاطٍ تُوعِدُونَ وَتَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللّهِ مَنْ آمَنَ بِهِ وَتَبْغُونَهَا عِوَجًا وَاذْكُرُواْ إِذْ كُنتُمْ قَلِيلًا فَكَثَّرَكُمْ وَانظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُفْسِدِينَ (86)

هەروەها لەسەر ڕێگا مەوەستن و هەڕەشە (لە خەڵکی) مەکەن، کۆسپ دامەنێن و (خەڵکی) وێڵ مەکەن لەبەرنامەی خوا (بەتایبەت) ئەوانەیان کە باوەڕیان هێناوە، هەروەها هەوڵ مەدەن، ئاین و بەرنامەی خوا بە لاریی و ناتەواوی (پیادە بکەن)، لە یادتان بێ و بیرتان نەچێ ئێوە کاتی خۆی ژمارەتان کەم بوو (هەرخوا) زۆری کردن، تەماشا بکەن و سەرنج بدەن و بزانن چۆن بوو سەرئەنجامی گوناهباران و تاوانکاران و خراپەکاران.

وَإِن كَانَ طَآئِفَةٌ مِّنكُمْ آمَنُواْ بِالَّذِي أُرْسِلْتُ بِهِ وَطَآئِفَةٌ لَّمْ يْؤْمِنُواْ فَاصْبِرُواْ حَتَّى يَحْكُمَ اللّهُ بَيْنَنَا وَهُوَ خَيْرُ الْحَاكِمِينَ (87)

خۆ ئەگەر دەستەیەك لە ئێوە باوەڕی هێنابێت بەو (بەرنامەیەی) کە بەمندا ڕەوانە کراوە، دەستەیەکیش باوەڕ ناهێنێت، خۆتان بگرن و چاوەڕێ بن هەتا خوا خۆی داوەری دەکات لە نێوانماندا، چونکە ئەو زاتە خۆی چاکترینی فەرمانڕەوایانە.

قَالَ الْمَلأُ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُواْ مِن قَوْمِهِ لَنُخْرِجَنَّكَ يَا شُعَيْبُ وَالَّذِينَ آمَنُواْ مَعَكَ مِن قَرْيَتِنَا أَوْ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَا قَالَ أَوَلَوْ كُنَّا كَارِهِينَ (88)

ئەوانەی کە خۆیان بە پیاو ماقوڵ دەزانی و فیزیان دەکرد لە قەومەکەی وتیان: ئەی شوعەیب (وابڕوا) خۆت و ئەوانەی لە تەکتا باوەڕیان هێناوە دەردەکەین لە سارەکەماندا، یان دەبێت بگەڕێنەوە ڕیزی خۆمان، ئیمانداران وتیان: باشە ئێوە دەتوانن (ئەو بیرو باوەڕە پوچانە) بە زۆر بچەسپێنن، ئەگەر نابەدڵیشمان بێت؟!

قَدِ افْتَرَيْنَا عَلَى اللّهِ كَذِبًا إِنْ عُدْنَا فِي مِلَّتِكُم بَعْدَ إِذْ نَجَّانَا اللّهُ مِنْهَا وَمَا يَكُونُ لَنَا أَن نَّعُودَ فِيهَا إِلاَّ أَن يَشَاءَ اللّهُ رَبُّنَا وَسِعَ رَبُّنَا كُلَّ شَيْءٍ عِلْمًا عَلَى اللّهِ تَوَكَّلْنَا رَبَّنَا افْتَحْ بَيْنَنَا وَبَيْنَ قَوْمِنَا بِالْحَقِّ وَأَنتَ خَيْرُ الْفَاتِحِينَ (89)

خۆ ئەگەر پەشیمان ببینەوەو بگەڕێینەوە ناو ڕیزەکانی ئێوە (مانای وایە تا ئێستا) درۆمان بە ناوی خواوە هەڵبەستوە، (چۆن شتی وا دەکەین) دوای ئەوەی کە خوا لەدەست ئەو (خورافاتە) ڕزگاری کردوین، ئێمە بۆمان نیە بگەڕێینەوە، (بۆ، یاخی بوون و لادان) مەگەر (خوانەخواستە) ویستی خوای پەروەردگارمانی لەسەر بێت، زانست و زانیاری پەروەردگارمان هەموو شتێکی گرتۆتەوە، پشت و پەنامان هەر زاتی خوایە، پەروەردگارا خۆت داوەری لەسەر بنچینەی حەق و ڕاستی لە نێوان ئێمەو قەوم و گەلماندا بکە، چونکە تۆ چاکترین کەسێکی کە سەرکەوتن دەبەخشی بەوانەی کە لە سەر حەق و ڕاستین.

وَقَالَ الْمَلأُ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَوْمِهِ لَئِنِ اتَّبَعْتُمْ شُعَيْبًا إِنَّكُمْ إِذًا لَّخَاسِرُونَ (90)

پیاوانی ناودارو دەسەڵاتدار، ئەوانەی کە کافرو بێ باوەڕ بوون لە قەومەکەی وتیان: ئەگەر شوێنی شوعەیب بکەون، بەڕاستی ئێوە خەسارەتمەندو زەرەرمەند دەبن.

فَأَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُواْ فِي دَارِهِمْ جَاثِمِينَ (91)

(کاتێك لەسەر بێ باوەڕی و یاخی بوونیان سوور بوون) بوومەلەرزەیەکی سامناك هەموویانی داگرت و هەموویان لە ماڵەکانیاندا بەچۆکدا هاتن.

الَّذِينَ كَذَّبُواْ شُعَيْبًا كَأَن لَّمْ يَغْنَوْاْ فِيهَا الَّذِينَ كَذَّبُواْ شُعَيْبًا كَانُواْ هُمُ الْخَاسِرِينَ (92)

ئەوانەی کە شوعەیبیان بە درۆ خستەوە هەر لەو ناوەدا نەبوون و نەژیابن وابوو، ئەوانەی کە شوعەیبیان بەدرۆخستەوە هەر ئەوان خەسارەتمەندو زەرەرمەند بوون.

فَتَوَلَّى عَنْهُمْ وَقَالَ يَا قَوْمِ لَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ رِسَالاَتِ رَبِّي وَنَصَحْتُ لَكُمْ فَكَيْفَ آسَى عَلَى قَوْمٍ كَافِرِينَ (93)

لەوەودوا بەجێی هێشتن و فەرمووی: ئەی قەوم و هۆزو گەلم بەڕاستی من پەیامەکانی پەروەردگارم پێ ڕاگەیاندن، ئامۆژگاری (زۆریشم) کردن، ئیتر من چۆن خەفەت بخۆم بۆ قەومی بێ ئیمان و بێ باوەڕ.

وَمَا أَرْسَلْنَا فِي قَرْيَةٍ مِّن نَّبِيٍّ إِلاَّ أَخَذْنَا أَهْلَهَا بِالْبَأْسَاء وَالضَّرَّاء لَعَلَّهُمْ يَضَّرَّعُونَ (94)

بۆ هیچ شوێن و شارۆچکەیەك پێغەمبەرێکمان نەناردووە، تا خەڵکی ئەو شوێنەشمان تووشی بەڵاو ناخۆشی نەکردبێت، بەڵکو (داچڵەکێن و تێفکرن) و دەست بکەن بە نزاو پاڕانەوە.

ثُمَّ بَدَّلْنَا مَكَانَ السَّيِّئَةِ الْحَسَنَةَ حَتَّى عَفَواْ وَّقَالُواْ قَدْ مَسَّ آبَاءنَا الضَّرَّاء وَالسَّرَّاء فَأَخَذْنَاهُم بَغْتَةً وَهُمْ لاَ يَشْعُرُونَ (95)

لەوەودوا لەجیاتی ناخۆشی و بەڵا، خۆشیمان بۆ پێش هێنان هەتا بەتەواوی لە هەموو ڕوویەکەوە کەوتنە خۆشییەوە تا (وایان لێهات کە خۆشی و ناخۆشی بە تاقیکردنەوە دانەنێن بۆیە) وتیان: خۆ باوو باپیرانیشمان تووشی خۆشی و ناخۆشی بوون (ئەمە شتێکی ئاساییە لە ژیاندا!!) ئێمەش کوتوپڕ لە کاتێکدا کە ئاگایان لە خۆیان نەبوو لەناومان بردن و تەخت و تاراجیانمان تێکدا.

وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْقُرَى آمَنُواْ وَاتَّقَواْ لَفَتَحْنَا عَلَيْهِم بَرَكَاتٍ مِّنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ وَلَكِن كَذَّبُواْ فَأَخَذْنَاهُم بِمَا كَانُواْ يَكْسِبُونَ (96)

خۆ ئەگەر خەڵکی شوێنەکان باوەڕ بێنن و تەقواو پارێزکارییان هەبێت، بێگومان ئێمە فەڕو بەرەکەتی ئاسمان و زەوی یان بەسەردا دەبارێنین، بەڵام (ئەوان پەیام و پێغەمبەرایەتی ئێمەیان) بەدرۆ خستەوە، ئێمەش لە سەرئەنجامی کاروکردەوەی (ناڵەبارییان دا) لەناومان بردن.

أَفَأَمِنَ أَهْلُ الْقُرَى أَن يَأْتِيَهُمْ بَأْسُنَا بَيَاتًا وَهُمْ نَآئِمُونَ (97)

ئایا خەڵكی شوێنەكان لەوە دڵنیان و (ناترسن) كە تۆڵەی ئێمە یەخەیان پێ بگرێت لە كاتێكدا كە ئەوان لە شەوگاردا خەوتوون.

أَوَ أَمِنَ أَهْلُ الْقُرَى أَن يَأْتِيَهُمْ بَأْسُنَا ضُحًى وَهُمْ يَلْعَبُونَ (98)

یا خەڵكی شوێنەكان دڵنیان و (ناترسن) لەوەی كە تۆڵەی ئێمە یەخەیان پێ بگرێت لەكاتی چێشتەنگاودا كە ئەوان سەرگەرمی یاری و گەمەن.

أَفَأَمِنُواْ مَكْرَ اللّهِ فَلاَ يَأْمَنُ مَكْرَ اللّهِ إِلاَّ الْقَوْمُ الْخَاسِرُونَ (99)

ئایا دڵنیان لەو گۆڕانكاری و دژە پیالانانەی كە خوا ئەنجامی دەدا (لەسەر ئاستی تاك و كۆمەڵ، لەسەر ئاستی حكومەت و گەلان)؟!
مەگەر قەومی خەسارەتمەندو لەو دژە پیلانە خواییە یانە دڵنیاو ئەمین بێت!!

أَوَلَمْ يَهْدِ لِلَّذِينَ يَرِثُونَ الأَرْضَ مِن بَعْدِ أَهْلِهَا أَن لَّوْ نَشَاء أَصَبْنَاهُم بِذُنُوبِهِمْ وَنَطْبَعُ عَلَى قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لاَ يَسْمَعُونَ (100)

ئایا ئەوانەی كە شوێنی خەڵكی دەگرنەوە (دوای ئەوەی كە خەڵكە پێشووەكەی لەناوچوون) دەبوا بیرێك بكەنەوەو تێفكرن، چونكە ئەگەر ئەمانیش بەهۆی گوناهەكانیانەوە تیادەبەین، مۆر دەنێین بەسەر دڵیاندا، ئیتر هیچ ڕاستییەك نەبیستن و تێنەگەن.

تِلْكَ الْقُرَى نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنبَآئِهَا وَلَقَدْ جَاءتْهُمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ فَمَا كَانُواْ لِيُؤْمِنُواْ بِمَا كَذَّبُواْ مِن قَبْلُ كَذَلِكَ يَطْبَعُ اللّهُ عَلَىَ قُلُوبِ الْكَافِرِينَ (101)

ئەو شوێن و ناوچانەی (كە باسمان كرد) ئەی محمد بەسەرهات و ڕوداوەكانیمان بۆ گێڕایتەوە، بێگومان پێغەمبەرانیان بۆ ڕەوانە كراوە هاوڕێ لەگەڵ (معجزة)دا، ئیتر وە نەبێت ئەوانە باوەڕ بێنن بەوەی كە پێشتر بەدرۆیان دەخستەوە، ئا بەو شێوەیە خوا مۆر دەنێت بەسەر دڵی كافرو بێ باوەڕاندا.

وَمَا وَجَدْنَا لأَكْثَرِهِم مِّنْ عَهْدٍ وَإِن وَجَدْنَا أَكْثَرَهُمْ لَفَاسِقِينَ (102)

نەمان دی (خەڵكە سەرگەردانەكە) زۆربەیان پەیمانشكێن نەبن بەڵكو زۆربەمان بینی تاوانبارو تاوانكارو گوناهكار بوون.

ثُمَّ بَعَثْنَا مِن بَعْدِهِم مُّوسَى بِآيَاتِنَا إِلَى فِرْعَوْنَ وَمَلَئِهِ فَظَلَمُواْ بِهَا فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُفْسِدِينَ (103)

لەدوای ئەو (پێغەمبەرانەی كە باسكران) موسامان هاوڕێ لەگەڵ (معجزة)ی (جۆراوجۆرادا) ڕەوانە كرد بۆ سەر فیرعەون و دارو دەستەی، كەچی ستەمیان كردو (باوەڕیان نەكرد)، تەماشاكەو ببینە بزانە چۆن بوو سەرئەنجامی پیاو خراپان و تاوانباران.

وَقَالَ مُوسَى يَا فِرْعَوْنُ إِنِّي رَسُولٌ مِّن رَّبِّ الْعَالَمِينَ (104)

موسا وتی: ئەی فیرعەون (چاك بزانە و دڵنیابە) كە من لەلایەن پەروەردگاری جیهانەكانەوە ڕەوانەكراوم و فرستادەی ئەوم.

حَقِيقٌ عَلَى أَن لاَّ أَقُولَ عَلَى اللّهِ إِلاَّ الْحَقَّ قَدْ جِئْتُكُم بِبَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ فَأَرْسِلْ مَعِيَ بَنِي إِسْرَائِيلَ (105)

بەڕاستی دەمەوێت ڕاستی یەكان بخەمەڕوو، تەنها ئەوەی حەق و ڕاستیە و پەسەندی لای خوایە لەوە بدوێم (خۆ ئەوەتە بە ئاشكرا دەبینن) كە بەڵگەو نیشانەی جۆراوجۆرم لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆ هێناون، دە ئیتر نەوەی ئیسرائیل ئازاد بكەن، با لەگەڵ مندا بن.

قَالَ إِن كُنتَ جِئْتَ بِآيَةٍ فَأْتِ بِهَا إِن كُنتَ مِنَ الصَّادِقِينَ (106)

(فیرعەون بڕوای نەكردو) وتی: ئەگەر (معجزة)یەكت بەدەستە بیخەرە ڕوو ئەگەر تۆ لە ڕاستگۆیانیت.

فَأَلْقَى عَصَاهُ فَإِذَا هِيَ ثُعْبَانٌ مُّبِينٌ (107)

(موسا) گۆچانەكەی فڕێ داو دەستبەجێ بوو بە مارێكی ئاشكرا.

وَنَزَعَ يَدَهُ فَإِذَا هِيَ بَيْضَاء لِلنَّاظِرِينَ (108)

دەستیشی (خستە بن دەستی) خێرا بوو بە (کافوری) سپی لەبەرچاوی تەماشاکەران.

قَالَ الْمَلأُ مِن قَوْمِ فِرْعَوْنَ إِنَّ هَذَا لَسَاحِرٌ عَلِيمٌ (109)

پیاوانی ناودار لەداروودەستەی فیرعەون وتیان: بەڕاستی ئەمە جادووگەرێکی زانایە!!

يُرِيدُ أَن يُخْرِجَكُم مِّنْ أَرْضِكُمْ فَمَاذَا تَأْمُرُونَ (110)

دەیەوێت (بەم شتانە) لەشوێنەوارتان دەرتان پەڕێنێت، جا فەرمانتان بەچی یە؟!

قَالُواْ أَرْجِهْ وَأَخَاهُ وَأَرْسِلْ فِي الْمَدَآئِنِ حَاشِرِينَ (111)

(دەستەیەکیان) وتیان: جارێ وازی لێ بێنە، هەواڵ بنێرە بۆ شارەکان (تا جادووگەران ئامادە بن)و کۆببنەوە.

يَأْتُوكَ بِكُلِّ سَاحِرٍ عَلِيمٍ (112)

با (لێپرسراوان) هەوڵ بدەن هەموو جادووگەرێکی زاناو شارەزات بۆ پەیدا بکەن.

وَجَاء السَّحَرَةُ فِرْعَوْنَ قَالْواْ إِنَّ لَنَا لأَجْرًا إِن كُنَّا نَحْنُ الْغَالِبِينَ (113)

(لە دوای چەند ڕۆژێك) جادووگەران هاتن بۆ لای فیرعەون وتیان: پاداشتێك، شاباشێکمان دەست دەکەوێت ئەگەر ئێمە (لەم ململانێیەدا) بردمانەوە.

قَالَ نَعَمْ وَإَنَّكُمْ لَمِنَ الْمُقَرَّبِينَ (114)

فیرعەون وتی: بەڵی (ئەی چۆن) ئێوە لە نزیکان و (بەڕێزان) دەبن.

قَالُواْ يَا مُوسَى إِمَّا أَن تُلْقِيَ وَإِمَّا أَن نَّكُونَ نَحْنُ الْمُلْقِينَ (115)

(لەوەودوا جادوگەران چونە مەیدانەوەو) وتیان: ئەی موسا، یا ئەوەیە دەستبەکار دەبیت، یا ئەوەیە ئێمە دەست بەکار دەبین.

قَالَ أَلْقُوْاْ فَلَمَّا أَلْقَوْاْ سَحَرُوۤاْ أَعْيُنَ النَّاسِ وَاسْتَرْهَبُوهُمْ وَجَاءوا بِسِحْرٍ عَظِيمٍ (116)

(موسا) وتی: دەستبەکاربن، کاتێ کە دەستبەکار بوون چاوبەستیان لە خەڵکی کردو ترسیان خستە دڵیانەوە (چونکە) جادوویەکی گەورەیان بەرپاکرد.

وَأَوْحَيْنَا إِلَى مُوسَى أَنْ أَلْقِ عَصَاكَ فَإِذَا هِيَ تَلْقَفُ مَا يَأْفِكُونَ (117)

ئینجا وەحیمان نارد بۆ موسا کە گۆچانەکەی فڕێ بدات (هەر کە فڕێی دا) هەرچی فڕو فێڵیان هەبوو هەر هەمووی قووت دا.

فَوَقَعَ الْحَقُّ وَبَطَلَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ (118)

ئینجا وەحیان چەسپاو هەرچی یەکیان کردبوو بەتاڵ بۆوە.

فَغُلِبُواْ هُنَالِكَ وَانقَلَبُواْ صَاغِرِينَ (119)

(فیرعەون ودارودەستەکەی) ئیتر شکستیان خواردو سەرکزو ڕیسوا بوو.

وَأُلْقِيَ السَّحَرَةُ سَاجِدِينَ (120)

(ئیتر دەستبەجێ) هەموو جادوگەران بە سوژدەدا چوون (کاتێ کە دڵنیابوون ئەوە موعجیزەیەو لە دەسەڵاتی ئادەمیزادا نیە).

قَالُواْ آمَنَّا بِرِبِّ الْعَالَمِينَ (121)

ئینجا وتیان: ئێمە ئیتر باوەڕێکی پتەومان هێناوە بە پەروەردگاری جیهانەکان.

رَبِّ مُوسَى وَهَارُونَ (122)

ئینجا پەروەردگاری موسا و هارون!

قَالَ فِرْعَوْنُ آمَنتُم بِهِ قَبْلَ أَن آذَنَ لَكُمْ إِنَّ هَذَا لَمَكْرٌ مَّكَرْتُمُوهُ فِي الْمَدِينَةِ لِتُخْرِجُواْ مِنْهَا أَهْلَهَا فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ (123)

فیرعەون وتی: هەروا باوەڕتان بە موساو بە پەروەردگاری هێنا، پێش ئەوەی من مۆڵەت و ڕوخسەتتان بدەم؟!

دیارە کە ئەمە پیلانێکە لە شارەکەدا گێڕاوتانە تا خەڵکەکەی وەردەنێن، خۆتان دەبیننەوە.

لأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُم مِّنْ خِلاَفٍ ثُمَّ لأُصَلِّبَنَّكُمْ أَجْمَعِينَ (124)

دەبێت دەست و قاچتان ڕاست و چەپ ببڕم، دەبێت هەمووتان بکەم بەدارا و هەڵتان واسم.

قَالُواْ إِنَّا إِلَى رَبِّنَا مُنقَلِبُونَ (125)

وتیان: (گرنگ نیە) ئێمە هەر بۆلای پەروەردگارمان دەگەڕێینەوە.

وَمَا تَنقِمُ مِنَّا إِلاَّ أَنْ آمَنَّا بِآيَاتِ رَبِّنَا لَمَّا جَاءتْنَا رَبَّنَا أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وَتَوَفَّنَا مُسْلِمِينَ (126)

تۆ هەر بۆیە ڕقت لە ئێمە هەڵگرتووە چونکە باوەڕمان (معجزة)ی پەروەردگارمان هێناوە، کاتێ کە پێمان گەیشتووەو (ڕوونە لەبەرچاومان) پەروەردگارا خۆگری و ئارامیمان بەسەردا بڕێژە و لەسەر ئیمان و ئیسلامیەت بمانمرێنە.

وَقَالَ الْمَلأُ مِن قَوْمِ فِرْعَونَ أَتَذَرُ مُوسَى وَقَوْمَهُ لِيُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ وَيَذَرَكَ وَآلِهَتَكَ قَالَ سَنُقَتِّلُ أَبْنَاءهُمْ وَنَسْتَحْيِي نِسَاءهُمْ وَإِنَّا فَوْقَهُمْ قَاهِرُونَ (127)

پیاوماقوڵان لە قەومی فیرعەون وتیان: ئایا هەروا واز دێنی لە موساو قەومەکەی خراپەو تاوان بکەن لە زەوی داو خەڵکی دووربخەنەوە لە

پەرستنی تۆو خواکانت، فیرعەون وتی: (چۆن وازیان لێ دێنین) کوڕان و پیاوانیان دەکوژین، ئافرەتانیشیان دێڵینەوەو (دەیانکەینە کەنیزەک) ئێمە چاوپۆشی یان لێ ناکەین و زاڵ بەدەسەڵاتین بەسەریاندا.

قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ اسْتَعِينُوا بِاللّهِ وَاصْبِرُوا إِنَّ الأَرْضَ لِلّهِ يُورِثُهَا مَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ (128)

موسا بە قەومەکەی وت: پشت بەخوا ببەستن و دان بەخۆدا بگرن بەڕاستی زەوی موڵکی خوایەو دەیسپێرێت بەهەرکەس کە بیەوێت لە بەندەکانی بەڵام سەرئەنجام (سەربەرزی و سەرفرازی) لە دنیاو لە قیامەتیش دا هەر بۆ پارێزکارانە.

قَالُواْ أُوذِينَا مِن قَبْلِ أَن تَأْتِينَا وَمِن بَعْدِ مَا جِئْتَنَا قَالَ عَسَى رَبُّكُمْ أَن يُهْلِكَ عَدُوَّكُمْ وَيَسْتَخْلِفَكُمْ فِي الأَرْضِ فَيَنظُرَ كَيْفَ تَعْمَلُونَ (129)

(قەومەکەی موسا دیارە زۆر لە ناخۆشی دا بوون بۆیە) وتیان: پێش ئەوەی بێیتە ناومان، وە دوای ئەوەش کە هاتووی (بارودۆخی ئێمە نەگۆڕاوە) هەر لە ناخۆشی و ئازارداین، موسا وتی: دەی خۆ لەوانەیە پەروەردگارتان دوژمنەکەتان لە ناوببات و بتانکاتە جێنشین لە زەوی دا، ئەوسا چاودێریتان دەکات بزانێت ئێوە چی دەکەن و چۆن دەکەن!!

وَلَقَدْ أَخَذْنَا آلَ فِرْعَونَ بِالسِّنِينَ وَنَقْصٍ مِّن الثَّمَرَاتِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ (130)

بێگومان ئێمە داروودەستەو قەومی فیرعەونمان تووشی گرانی و کەمبوونەوەی ڕزق و ڕۆزی و بەروبووم کرد، بوڵکو داچڵەکێن و تێفکرن و بیرێك بکەنەوە.

فَإِذَا جَاءتْهُمُ الْحَسَنَةُ قَالُواْ لَنَا هَذِهِ وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ يَطَّيَّرُواْ بِمُوسَى وَمَن مَّعَهُ أَلا إِنَّمَا طَائِرُهُمْ عِندَ اللّهُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ (131)

(ئەوانە) هەرکاتێ خێرو چاکەو خۆشی بهاتایە ڕێیان دەیان وت: ئەمە حەقی خۆمانەو ئێمە شایستەین، ئەگەر تووشی ناخۆشی ببونایە ئۆباڵ و شوومیان دەدایە پاڵ موساو ئەوانەی هاوئاینی بوون، لە کاتێکدا هەموو

ئەو شتانەی ئەوان بە شوومیان دەزانی (تاقیکردنەوە بوو)، لەلایەن خواوە بڕیاری لەسەر درابوو، بەڵام زۆربەیان ئەم ڕاستیانە تێ ناگەن و نایزانن.

وَقَالُواْ مَهْمَا تَأْتِنَا بِهِ مِن آيَةٍ لِّتَسْحَرَنَا بِهَا فَمَا نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنِينَ (132)

(فیرعەون و داروودەستەی) وتیان: هەرچی بەڵگەو (معجزة)یەکمان بۆ بێنیتەوە تا جادومان لێ بکەی، ئێمە هەر باوەڕ بە تۆ ناکەین و نایسەلمێنین.

فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمُ الطُّوفَانَ وَالْجَرَادَ وَالْقُمَّلَ وَالضَّفَادِعَ وَالدَّمَ آيَاتٍ مُّفَصَّلاَتٍ فَاسْتَكْبَرُواْ وَكَانُواْ قَوْمًا مُّجْرِمِينَ (133)

ئێمەش بەڵای لافاوو کولەو ئەسپێ و بۆق و خوێنمان بۆ ناردن (بەدەست هەریەکێك لەو بەڵایانەوە ماوەیەك دەتلانەوەو گیریان دەخوارد) کەچی هەر خۆیان بە زل و گەورە دەزانی، تا بڵێی قەومێکی تاوانبارو تاوانکار بوون.

وَلَمَّا وَقَعَ عَلَيْهِمُ الرِّجْزُ قَالُواْ يَا مُوسَى ادْعُ لَنَا رَبَّكَ بِمَا عَهِدَ عِندَكَ لَئِن كَشَفْتَ عَنَّا الرِّجْزَ لَنُؤْمِنَنَّ لَكَ وَلَنُرْسِلَنَّ مَعَكَ بَنِي إِسْرَائِيلَ (134)

جا کاتێ کە تووشی هەر بەڵایەک لەو بەڵایانە دەبوون (پەنایان دەبرد بۆ حەزرەتی موسا) دەیان وت: ئەی موسا (فریامان کەوە) لە پەروەردگارت بۆمان بپاڕێرەوە، بەڵکو بەو ڕێزەی کە هەتە لەلای، ئەگەر (توانیت) ئەم بەڵایانەمان لەسەر هەڵگری ئەوسا باوەڕت پێ دێنین، نەوەی ئیسرائیلیش ئازاد دەکەین کە لەگەڵت دا بێن (بۆ هەر کوێ دەتەوێت).

فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُمُ الرِّجْزَ إِلَى أَجَلٍ هُم بَالِغُوهُ إِذَا هُمْ يَنكُثُونَ (135)

جا کتێك کە بەڵاکانمان لەسەر لادەبردن بۆ کاتێکی دیاریکراو کە ئەوان پێی دەگەیشتن خێرا پەیمانەکانیان دەشکاندو لە سنوور دەترازان.

فَانتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَأَغْرَقْنَاهُمْ فِي الْيَمِّ بِأَنَّهُمْ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا وَكَانُواْ عَنْهَا غَافِلِينَ (136)

ئێمەش تۆڵەمان لێ سەندن و لەدەریادا نوقممان کردن چونکە ئەوانە ئایەتەکانی ئێمەیان بەدرۆ دەخستنەوەو خۆیان لێ غافڵ و گێل دەکرد.

وَأَوْرَثْنَا الْقَوْمَ الَّذِينَ كَانُواْ يُسْتَضْعَفُونَ مَشَارِقَ الأَرْضِ وَمَغَارِبَهَا الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ الْحُسْنَى عَلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ بِمَا صَبَرُواْ وَدَمَّرْنَا مَا كَانَ يَصْنَعُ فِرْعَوْنُ وَقَوْمُهُ وَمَا كَانُواْ يَعْرِشُونَ (137)

ئەوسا ئەو قەوم و گەلە چەوساوەیەمان کردە جێنشین لەناوچەکانی خۆرهەڵات و خۆرئاوای زەوی دا، وە فەڕو بەرەکەتمان بەسەردا ڕژاندن، وە بڕیاردادەی ڕاست و دروستی پەروەردگارت (ئەی محمد) جێبەجێ بوو بۆ نەوەی ئیسرائیل کاتێ کە دانیان بەخۆدا گرت (کەواتە ئەگەر ئوممەتی تۆیش ئاوا خۆگر بن بێگومان دەگەنە ئەنجام)، پاشان هەرچی فیرعەون و قەومەکەی دروستیان کردبوو، وە هەرچی کۆشك و تەلاریان هەبوو، هەر هەموویان کاول کرد.

وَجَاوَزْنَا بِبَنِي إِسْرَائِيلَ الْبَحْرَ فَأَتَوْاْ عَلَى قَوْمٍ يَعْكُفُونَ عَلَى أَصْنَامٍ لَّهُمْ قَالُواْ يَا مُوسَى اجْعَل لَّنَا إِلَهًا كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ (138)

لەوەودوا نەوەی ئیسرائیلمان لەدەریا پەڕاندەوە، دوای تاوێك ڕێیان کەوت لە خەڵکێك کە بەدەوری بتەکانیاندا دەخولانەوەو دەیانپەرستن (دەستەیەکیان) وتیان: ئەی موسا خوایەکیش بۆ ئێمە دیاری بکە وەکو ئەوانە ئەوەتە چەند خوایەکیان هەیە!! موسا پێی وتن: بەڕاستی ئێوە قەومێکی نەزان و نەفامن.

إِنَّ هَؤُلاء مُتَبَّرٌ مَّا هُمْ فِيهِ وَبَاطِلٌ مَّا كَانُواْ يَعْمَلُونَ (139)

بێگومان ئەوانە خۆیان تووشی بەڵایەکی گەورە دەکەن بەهۆی ئەو کارە نادروستەیانەوە، وە کارو کردەوەیان نارێك و بەتاڵ و ناتەواوە.

قَالَ أَغَيْرَ اللّهِ أَبْغِيكُمْ إِلَهًا وَهُوَ فَضَّلَكُمْ عَلَى الْعَالَمِينَ (140)

(موسا) وتی: (باشه چۆن ڕەوایه) جگه له خوا کەسێکی ترتان بۆ دیاری بکەم ببێته خواتان، له کاتێکدا که ئەو زاته لەناو خەڵکی ئەم جیهانەدا هەڵی بژاردوون و ڕێزی تایبەتی لێ ناون.

وَإِذْ أَنجَيْنَاكُم مِّنْ آلِ فِرْعَونَ يَسُومُونَكُمْ سُوَءَ الْعَذَابِ يُقَتِّلُونَ أَبْنَاءكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِسَاءكُمْ وَفِي ذَلِكُم بَلاء مِّن رَّبِّكُمْ عَظِيمٌ (141)

(لەیادتان چوو) که ئێمه ڕزگارمان کردن لەدەست فیرعەون و داروودەستەی که ناسۆرترین ئەشکەنجەیان دەدان، به (شێوەیەکی دڕندانه) کوڕەکانیان دەکوشتن وه ئافرەتەکانیان (بۆ کەنیزەکی) دەهێشتەوه، ئا لەو باروودۆخەدا بەڵاو تاقی کردنەوەیەکی گەوره هەبوو لەلایەن پەروەردگارتانەوه بۆتان (بۆچی هەروا زوو فەرامۆشتان کرد).

وَوَاعَدْنَا مُوسَى ثَلاَثِينَ لَيْلَةً وَأَتْمَمْنَاهَا بِعَشْرٍ فَتَمَّ مِيقَاتُ رَبِّهِ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً وَقَالَ مُوسَى لأَخِيهِ هَارُونَ اخْلُفْنِي فِي قَوْمِي وَأَصْلِحْ وَلاَ تَتَّبِعْ سَبِيلَ الْمُفْسِدِينَ (142)

بەڵێنمان دا به موسا که دوای سی شەو خواپەرستی و شەونوێژو بەڕۆژوو بوون (ئامادەبێت بۆ گفتوگۆ لەگەڵ زاتی پەروەردگارا) ئەنجام بدات، (ئەوسا) موسا هارونی برای وت: (برام) ئیتر تۆ له جیاتی من لەناو قەوم و عەشرەتم دا دەوری (ئیصلاحی) و چاکەکاری و (پتەوکردنی ئیمانداری ببینه)، نەکەی شوێن ڕێبازی خراپان و تاوانباران بکەویت.

وَلَمَّا جَاء مُوسَى لِمِيقَاتِنَا وَكَلَّمَهُ رَبُّهُ قَالَ رَبِّ أَرِنِي أَنظُرْ إِلَيْكَ قَالَ لَن تَرَانِي وَلَكِنِ انظُرْ إِلَى الْجَبَلِ فَإِنِ اسْتَقَرَّ مَكَانَهُ فَسَوْفَ تَرَانِي فَلَمَّا تَجَلَّى رَبُّهُ لِلْجَبَلِ جَعَلَهُ دَكًّا وَخَرَّ موسَى صَعِقًا فَلَمَّا أَفَاقَ قَالَ سُبْحَانَكَ تُبْتُ إِلَيْكَ وَأَنَاْ أَوَّلُ الْمُؤْمِنِينَ (143)

کاتێ که موسا له کات و شوێنی دیاری کراودا ئامادە بوو، پەروەردگاری گفتوگۆی ڕاستەوخۆی لەتەکدا ئەمجام دا (دیاره که لەحاڵەتێکی ڕۆحی و دەروونیی زۆر بەرزدا بووه، کەوتۆته جیهانێکی

زۆر سەیرو خۆشەوە کە قەڵەم ناتوانێت باسی بکات و زمان ناتوانێت وەسفی بکات، ئاخر ناحەقی نیە، پەروەردگاری، ئەم بوونەوەرە گفتوگۆ لەگەڵ بەندەیەکی خۆی دا ئەنجام بدات، با پێغەمبەریش بێت، بۆیە لەخۆشیدا هاتە گفت و وتی: (توخوا خوایە گیان)، پەروەردگاری (ئازیزم) خۆتم نیشان بدە تا تێر تەماشات بکەم، خوای گەورەش فەرمووی: هەرگیز (لەدنیادا)، نامبینی (وە بۆ دڵنیاکردنی لەوەی کە بەرگەی تەجەلای پەروەردگار ناگرێت پێی فەرموو): بەڵام (ئەگەر حەز دەکەی) سەیری ئەو چیایە بکە، ئەگەر خۆی بۆ گیرا ئەوا لەوەودوا تۆش من دەبینی، جا کاتێ کە هاتەوە هۆش خۆی (زانی داخوازی یەکەی زۆر گەورە بوو) وتی: ستایش و بێ عەیبی و کەماڵ هەر شایستەی تۆیە، من پەشیمانم لە داخوازی یەکەم، وە من یەکەم کەسم لە ئیمانداران (بەزاتی بێ وێنەی تۆ).

قَالَ يَا مُوسَى إِنِّي اصْطَفَيْتُكَ عَلَى النَّاسِ بِرِسَالاَتِي وَبِكَلاَمِي فَخُذْ مَا آتَيْتُكَ وَكُن مِّنَ الشَّاكِرِينَ (144)

(خوای گەورە) فەرمووی: ئەی موسا ئێتر من تۆم هەڵبژاردووە لەناو خەڵکیدا بەوەی کە پەیامەکانی خۆمم بۆ ناردوویت، گفتوگۆشم بۆ کردوویت، جا هەرچییەکم پێ بەخشیویت بەتوندی بیگرەو پەیڕەوی بکەو ڕای بگەیەنە، وە هەمیشەو بەردەوام لە سوپاسگوزاران بە.

وَكَتَبْنَا لَهُ فِي الأَلْوَاحِ مِن كُلِّ شَيْءٍ مَّوْعِظَةً وَتَفْصِيلًا لِّكُلِّ شَيْءٍ فَخُذْهَا بِقُوَّةٍ وَأْمُرْ قَوْمَكَ يَأْخُذُواْ بِأَحْسَنِهَا سَأُرِيكُمْ دَارَ الْفَاسِقِينَ (145)

لە تابلۆکانی (تەورات دا) لەهەموو بابەتێکمان بۆ تۆمار کردبوو، ئامۆژگاری تێرو تەواو (بۆ هەموو چالاکیەکانی ژیان)، هەروەها ڕوون کردنەوەی هەموو شتێك و هەموو بابەتێك، (ئەی موسا) بە توندی بیگرەو پەیڕەوی بکە، بە قەومەکەشت بڵێ لە چاکترینی پەیڕەوی بکەن، لە ئایندەدا شوێنی (یەکجاریی) تاوانبارو تاوانکارتان نیشان دەدەم.

سَأَصْرِفُ عَنْ آيَاتِيَ الَّذِينَ يَتَكَبَّرُونَ فِي الأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَإِن يَرَوْاْ كُلَّ آيَةٍ لاَّ يُؤْمِنُواْ بِهَا وَإِن يَرَوْاْ سَبِيلَ الرُّشْدِ لاَ يَتَّخِذُوهُ سَبِيلًا وَإِن يَرَوْاْ سَبِيلَ الْغَيِّ يَتَّخِذُوهُ سَبِيلًا ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا وَكَانُواْ عَنْهَا غَافِلِينَ (146)

ئەو کەسانەی کە بە ناحەق فیز دەکەن لە زەوی داو خۆیان بە گەورەتر دەنوێنن (لە خەڵکی)، وێڵیان دەکەم (لە تێگەیشتن و باوەڕ) لە نیشانەو بەڵگەکانم، خۆ ئەوانە هەر بەڵگەو نیشانەیەک ببینن هەر باوەڕی پێ ناکەن، ئەگەر ڕێبازی چاک و زانست و دروست ببینن نایگرنەبەر، بەڵام ئەگەر ڕێیان لە ڕێبازی چەوت و گومڕایی بکەوێت پەیڕەوی دەکەن، چونکە ئەوانە بڕوایان بە بەڵگەو نیشانەکانی ئێمە نیەو بەدرۆی دەخەنەوە، خۆیانی لێ گێل دەکەن و گرنگی پێ نادەن.

وَالَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا وَلِقَاء الآخِرَةِ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ هَلْ يُجْزَوْنَ إِلاَّ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ (147)

جا ئەوانەی بەڵگەو نیشانەکانی ئێمە بەدرۆ دەخەنەوە و بڕوایان بە ڕووبەڕووبوونەوەی قیامەت نیە، ئەوانە هەموو کارو کردەوەکانیان پووچ و بێ نرخ و بێ سوودە، مەگەر پاداشتیان لەسەرئەنجامی کارو کردەوەکانی خۆیانەوە نیە؟!

وَاتَّخَذَ قَوْمُ مُوسَى مِن بَعْدِهِ مِنْ حُلِيِّهِمْ عِجْلًا جَسَدًا لَّهُ خُوَارٌ أَلَمْ يَرَوْاْ أَنَّهُ لاَ يُكَلِّمُهُمْ وَلاَ يَهْدِيهِمْ سَبِيلًا اتَّخَذُوهُ وَكَانُواْ ظَالِمِينَ (148)

(سامری کابرایەکی فێڵ بازو بێ دین بوو، دیار نەبوونی حەزرەتی موسای بە فرسەت زانی، هەرچی ئاڵتونی نەوەی ئیسرائیل هەبوو) کۆی کردەوەو گوێرەکەیەکی لێ دروست کرد بەشێوەیەک کە کاتێ (هەوای پیا تێدەپەڕی) بۆڕەیەکی لێوە دەهات، باشە ئاخر ئەوانە نەیان دەبینی کە (ئەم گوێرەکەیە کەرو لاڵەو) قسە ناکات وە ڕێنموییان بۆ هیچ شتێك ناکات (لەگەڵ ئەو کەم و کوڕیانەش دا) هەر کردیان (بەخوای خۆیان)، ئەوانە ستەم و لادانێکی (ناڕەوایان ئەنجامدا).

وَلَمَّا سُقِطَ فَي أَيْدِيهِمْ وَرَأَوْاْ أَنَّهُمْ قَدْ ضَلُّواْ قَالُواْ لَئِن لَّمْ يَرْحَمْنَا رَبُّنَا وَيَغْفِرْ لَنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ (149)

کاتێ کە (ڕاستییان بۆ دەرکەوت و گوێرەکە بوو بە پەند لەبەر چاویان)، دڵنیابوون کە لە گومڕاییدا بوون وتیان: (بەخوا ئەگەر) پەروەردگارمان بەزەیی پیاماندا نەیەتەوەو لێمان خۆش نەبێت، ئەوە ئیتر بەڕاستی خەسارەتمەندو زەرەرمەندین.

وَلَمَّا رَجَعَ مُوسَى إِلَى قَوْمِهِ غَضْبَانَ أَسِفًا قَالَ بِئْسَمَا خَلَفْتُمُونِي مِن بَعْدِيَ أَعَجِلْتُمْ أَمْرَ رَبِّكُمْ وَأَلْقَى الأَلْوَاحَ وَأَخَذَ بِرَأْسِ أَخِيهِ يَجُرُّهُ إِلَيْهِ قَالَ ابْنَ أُمَّ إِنَّ الْقَوْمَ اسْتَضْعَفُونِي وَكَادُواْ يَقْتُلُونَنِي فَلاَ تُشْمِتْ بِيَ الأعْدَاء وَلاَ تَجْعَلْنِي مَعَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ (150)

جا کاتێ موسا گەڕایەوە ناو قەومەکەی (وە بیستبوی خەریکی گوێرەکە پەرستین) زۆر توڕەو پەست و غەمبار بوو، وتی: حئای کە چەندە کارێکی نارەواتان دوای من ئەنجام داوە، ئایا (زۆرم پێ چوو) ئێوە ئاوا پەلەتان کردو لەبەرنامەی پەرستنی پەروەردگارتان (لاتان دا)، (ئیتر لەداخی ئەو لادان و سەرگەردانیە) تابلۆکانی (تەورات)ی فڕێ داو پەلاماری قژی (هارون)ی برای داو ڕای کێشا بۆلای خۆی، (هارون) وتی: کوڕی دایکم (خەتای من نیە من زۆر هەوڵم دا بەڵام بێ سوود بوو) خەڵکەکە زۆریان بۆ هێناوم و هێزیان لێ سەندم، خەریک بوو بشم کوژن (کاکە گیان) دوژمنانم پێ خۆشمەکەو (بە ناحەق) مەم خەرە ڕیزی قەومی ستەمکارانەوە.

قَالَ رَبِّ اغْفِرْ لِي وَلأَخِي وَأَدْخِلْنَا فِي رَحْمَتِكَ وَأَنتَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ (151)

(ئەوسا ئیتر موسا بە خۆی دا هاتەوەو) وتی: پەروەردگارا لە خۆم و لە (هارون)ی براشم خۆش ببە، هەردوکمان بخەرە ژێر سایەی ڕەحمەت و میهرەبانی خۆتەوە، چونکە تۆ لەهەموو کەس بەسۆزتر و میهرەبانتریت.

إِنَّ الَّذِينَ اتَّخَذُواْ الْعِجْلَ سَيَنَالُهُمْ غَضَبٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَذِلَّةٌ فِي الْحَياةِ الدُّنْيَا وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُفْتَرِينَ (152)

بەراستی ئەوانەی کە گوێرەکە پەرستیان کرد لە ئاییندەدا لەلایەن پەروەردگاریانەوە خەشم و قینیان لێ دەگیرێت، وە زەلیلی و خەجاڵەتیش بەشیان دەبێت لە ژیانی دنیادا، هەر بەو شێوەیە تۆڵە لە درۆزن و ساختەچیەکان دەکەینەوە.

وَالَّذِينَ عَمِلُواْ السَّيِّئَاتِ ثُمَّ تَابُواْ مِن بَعْدِهَا وَآمَنُواْ إِنَّ رَبَّكَ مِن بَعْدِهَا لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ (153)

ئەوانەش کە گوناهو هەڵەیان لەدەست قەوما، لەوەودوا تەوبەیان کردو پەشیمان بوونەوە، وە باوەڕی دامەزراویان هێنا، بێگومان لەوەودوا پەروەردگاری تۆ (ئەی محمد صلی الله علیه وسلم، ئەی ئیماندار) زۆر لێ خۆشبوو میهرەبانە.

وَلَمَّا سَكَتَ عَن مُّوسَى الْغَضَبُ أَخَذَ الأَلْوَاحَ وَفِي نُسْخَتِهَا هُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلَّذِينَ هُمْ لِرَبِّهِمْ يَرْهَبُونَ (154)

کاتێ کە توڕەیی موسا هێور بۆوە، تابلۆکان (تەورات)ی هەڵگرتەوەو کە لە توێیدا ڕێنمویی ورەحمەت و میهرەبانی تیا دەدرەوشایەوە بۆ ئەوانەی کە لە پەروەردگاریان دەترسن و مەبەستیانە لێیان نەڕەنجێت.

وَاخْتَارَ مُوسَى قَوْمَهُ سَبْعِينَ رَجُلًا لِّمِيقَاتِنَا فَلَمَّا أَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ قَالَ رَبِّ لَوْ شِئْتَ أَهْلَكْتَهُم مِّن قَبْلُ وَإِيَّايَ أَتُهْلِكُنَا بِمَا فَعَلَ السُّفَهَاء مِنَّا إِنْ هِيَ إِلاَّ فِتْنَتُكَ تُضِلُّ بِهَا مَن تَشَاء وَتَهْدِي مَن تَشَاء أَنتَ وَلِيُّنَا فَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا وَأَنتَ خَيْرُ الْغَافِرِينَ (155)

موسا حەفتا پیاوی لە قەومەکەی هەڵبژارد (تا پەشیمانی تەواو دەربڕن لە گوێرەکە پەرستی)، لە کاتی دیاری کراودا (بردنی بۆلای کێوی طور) کاتێ کە تووشی بومەلەرزەو ترسێکی زۆر هاتن، (موسا) وتی: پەروەردگارا خۆ ئەگەر بتویستایە زوتر منیش و ئەوانیشت لەناودەبرد، بەڕاستی ئەم شتانە هەمووی تاقیکردنەوەی خۆتن، هەندێکی پێ گومڕا

دەکەیت، هەندێکیشی پێ هیدایەت دەدەیت، هەر تۆ پشت و پەنای ئێمەی، (داواکارین) لێمان خۆش ببیت و بەزەییت پیاماندا بێتەوە، چونکە چاکترین زاتێکی کە چاوپۆشی دەکەیت و خۆش دەبیت.

وَاكْتُبْ لَنَا فِي هَذِهِ الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الآخِرَةِ إِنَّا هُدْنَا إِلَيْكَ قَالَ عَذَابِي أُصِيبُ بِهِ مَنْ أَشَاء وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ فَسَأَكْتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَالَّذِينَ هُم بِآيَاتِنَا يُؤْمِنُونَ (156)

(ئاواتە خوازین) کە لە دنیادا چاکەمان بۆ پێش بێنی هەروەها لە قیامەتیشدا، ئێمە ئیتر تۆبەمان کردووەو ڕوومان کردۆتە زاتی تۆ، (خوای گەورە لە وەلامیا) فەرمووی: سزاو تۆڵەی من ڕوو دەکاتە هەرکەس (کە شایستە بێت) و بمەوێت تۆڵەی لێ بسێنم، وە ڕەحمەت و میهرەبانیشم هەموو شتێکی گرتۆتەوە، (جا ئەو ڕەحمەتەم) تۆمار دەکەم و (بڕیاری دەدەم) بۆ ئەو کەسانەی کە بە تەقواو پارێزارن، وە زەکات دەبەخشن، ئەوانەی کە باوەڕی تەواویان بە بەڵگەو نیشانەکانی ئێمە هەیە.

الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالإِنْجِيلِ يَأْمُرُهُم بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَآئِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالأَغْلاَلَ الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ فَالَّذِينَ آمَنُواْ بِهِ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَاتَّبَعُواْ النُّورَ الَّذِيَ أُنزِلَ مَعَهُ أُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ (157)

ئەوانەی کە شوێنی فرستادەو پێغەمبەری نەخوێندەوار (محمد صلی الله علیە وسلم) دەکەون کە (سیفاتەکانی) لە تەورات و ئینجیل دا ڕوو کراوەتەوە، فەرمانیان پێ دەدا بە چاکەو قەدەغەی گوناهو خراپەیان لێ دەکات، وە هەرچییەك پاک و چاکە بۆیان حەڵاڵ دەکات و ئەرکە سەنگینەکان لەسەر شانیان لادەبات، ئەو کۆت و زنجیرانەش کە پێوەی بەستراون لێیان دادەماڵێت، جا ئەوانەی کە باوەڕیان پێ هێناوەو پشتیوانیان لێ کردوەو پشتگیریان کردووە و شوێنی ئەو نوورە کەوتوون (کە ئەو قورئانە) هاوڕێ لە تەکیا ڕەوانەکراوە، بەڕاستی ئەوانە سەرفەرازو ڕزگارن.

قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ يُحْيِي وَيُمِيتُ فَآمِنُواْ بِاللّهِ وَرَسُولِهِ النَّبِيِّ الأُمِّيِّ الَّذِي يُؤْمِنُ بِاللّهِ وَكَلِمَاتِهِ وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ (158)

(ئەی محمد صلى الله عليه وسلم) بڵێ: ئەی خەڵکینە من پێغەمبەرو فرستادەی خوام بۆسەر هەر هەمووتان، ئەو خوایەی کە خاوەنی ئاسمانەکان و زەوی یە، هیچ خوایەک نیە جگە لەو زاتە ژیان بەخشەو مرێنەرە، باوەڕی پتەو بێنن بەو خوایەو بە پێغەمبەرەکەی کە فرستادەیەکی نەخوێندەوارە، (تا هیچ کەس نەڵێت پیاوێکی خوێندەوار بوەو خۆی قورئانی داناوە) ئەو پێغەمبەرەی کە خۆی باوەڕی (زۆر پتەوی) هەیە بەخواو بەفەرمایش و قورئانەکەی، وە (بەدڵ گەرمیەوە) شوێنی بکەون بەڵکو هیدایەت و ڕێنمویی بکرێن.

وَمِن قَوْمِ مُوسَى أُمَّةٌ يَهْدُونَ بِالْحَقِّ وَبِهِ يَعْدِلُونَ (159)

(هەندێک) لە قەومی موسا هەیە، کەسانێکی (ژیرو هۆشمەندن) شوێنی حەق دەکەون و ڕێنمویی بۆلای دەکەن، وە بە حەق، عەدالەت و دادپەروەریی (بانگەواز دەکەن).

وَقَطَّعْنَاهُمُ اثْنَتَيْ عَشْرَةَ أَسْبَاطًا أُمَمًا وَأَوْحَيْنَا إِلَى مُوسَى إِذِ اسْتَسْقَاهُ قَوْمُهُ أَنِ اضْرِب بِّعَصَاكَ الْحَجَرَ فَانبَجَسَتْ مِنْهُ اثْنَتَا عَشْرَةَ عَيْنًا قَدْ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٍ مَّشْرَبَهُمْ وَظَلَّلْنَا عَلَيْهِمُ الْغَمَامَ وَأَنزَلْنَا عَلَيْهِمُ الْمَنَّ وَالسَّلْوَى كُلُواْ مِن طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ وَمَا ظَلَمُونَا وَلَكِن كَانُواْ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ (160)

(نەوەی ئیسرائیلمان) کرد بە دوانزە تیرە و تایەفە (دوای ئەوەی بە بیابانی سینادا کۆچیان دەکرد تووشی تینویەتیەکی زۆر بوون) وەحی و نیگامان بۆ موسا نارد کاتێ کە قەومەکەی داوای ئاویان لێ کرد کە: بە گۆچانەکەت بماڵە بە بەردەکەدا (هەر کە ئەو کارەی کرد) بەردەکە دوانزە کانی لێ هەڵقوڵا، هەر تیرەو تایەفەیەک کانی خۆی ناسیەوە تا ئاوی لێ بخۆنەوەو (پێویستی خۆیانی لێ جێبەجێ بکەن)، هەوریشمان کرد بە سێبەر بە سەریانەوە (تا گەرما زۆریان بۆ نەهێنێت)، گەزۆشمان بۆ باراندن، باڵندەی شەلاقەشمان (بەدەوریاندا کۆکردەوە تا بەئاسانی

ڕاوی بکەن)، دەبخۆن لەو ڕزق و ڕۆزییە چاکانەی کەپێمان بەخشیون، جا وەنەبێت ئەوانە ستەمیان لە ئێمە کردبێت (بە ناشکوریی و بێزاری) بەڵکو هەر خۆیان ستەمیان لەخۆیان کردووە.

وَإِذْ قِيلَ لَهُمُ اسْكُنُواْ هَذِهِ الْقَرْيَةَ وَكُلُواْ مِنْهَا حَيْثُ شِئْتُمْ وَقُولُواْ حِطَّةٌ وَادْخُلُواْ الْبَابَ سُجَّدًا نَّغْفِرْ لَكُمْ خَطِيئَاتِكُمْ سَنَزِيدُ الْمُحْسِنِينَ (161)

(یادیان بێنەوە) کاتێ کە پێیان وترا: لەم شارۆچکەیە (شاری قودس) بۆ خۆیان نیشتەجێ ببن، وە لەو بەروبومانەی کە بە دەوروپشتی دا هەیە بەئارەزووی خۆتان بخۆن، وە داوا لێخۆش بوون بکەن و بڵێن پەروەردگار لێمان خۆش ببە، وە لە دەروازەی شارەوە بە کڕنوشەوە بچنە ژوورەوە، ئیتر ئێمە لە هەڵەو گوناهەکانتان خۆش دەبین، بێگومان ئەوەی چاکەکار بێت، پاداشتی بە چاکتر دەدەینەوە.

فَبَدَّلَ الَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنْهُمْ قَوْلًا غَيْرَ الَّذِي قِيلَ لَهُمْ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِجْزًا مِّنَ السَّمَاءِ بِمَا كَانُواْ يَظْلِمُونَ (162)

(بەڵام) ئەوانەی کە ستەمکاربوون گوفتارەکەیان گۆڕی، ئەوەیان نەوت کە پێیان وترا، ئێمەش سزاو بەڵایەکمان لە ئاسمانەوە بۆ ناردن بەهۆی ئەو ستەمەوە کە ئەنجامیان دا.

وَاسْأَلْهُمْ عَنِ الْقَرْيَةِ الَّتِي كَانَتْ حَاضِرَةَ الْبَحْرِ إِذْ يَعْدُونَ فِي السَّبْتِ إِذْ تَأْتِيهِمْ حِيتَانُهُمْ يَوْمَ سَبْتِهِمْ شُرَّعًا وَيَوْمَ لاَ يَسْبِتُونَ لاَ تَأْتِيهِمْ كَذَلِكَ نَبْلُوهُم بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ (163)

پرسیار لە (جوولەکان) بکە دەربارەی ئەو شارەی کەلەسەر قەراغی دەریا بوو کاتێ ئەوان سنوری ڕۆژی شەموانیان شکاند (کە بڕیار بوو شەممان تەرخان بێت تەنها بۆ خوا پەرستی) (بەڵام بۆ تاقی کردنەوەیان) لە ڕۆژی شەممان‌دا ماسی یەکان وەکو چەتر سەر ئاویان دەگرت و (نزیک کەناری دەریا دەبوونەوە دیارە کە هەستیان بە هێمنی دەکرد) ئەو ڕۆژەش کە شەممە نەبوایە (بەو شێوەیە) نەدەهاتنە ڕوو، ئا بەو شێوەیە تاقیمان کردنەوە بەهۆی لادان و یاخی بوونیانەوە.

وَإِذَ قَالَتْ أُمَّةٌ مِّنْهُمْ لِمَ تَعِظُونَ قَوْمًا اللّهُ مُهْلِكُهُمْ أَوْ مُعَذِّبُهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا قَالُواْ مَعْذِرَةً إِلَى رَبِّكُمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ (164)

(دیاره كه هه‌ندێك له‌و جووله‌كانه سنوری فه‌رمانی خوایان شكاندووه، به هه‌ر فێڵێک بووه ڕاوی خۆیان كردووه، بۆیه ده‌سته‌یه‌ک له پیاوچاكانیان كه‌وتونه‌ته ئامۆژگاری كردنی ده‌ست درێژ كاران، كه‌چی) ده‌سته‌یه‌كی تری ئیمانداران وتویانه: بۆچی ئامۆژگاری كه‌سانێك ده‌كه‌ن كه خوا هه‌ر له‌ناویان ده‌بات، یان سزایه‌كی به‌ئازاریان ده‌دات.
(له‌وه‌ڵامیاندا) وتیان: ئاخر با به‌ڵگه‌یه‌كی (دڵسۆزی و غه‌مخواریمان) پێ بێت بۆ په‌روه‌ردگارتان، به‌ڵكو ئه‌وانه‌ش داچڵه‌كێن و وازبهێنن.

فَلَمَّا نَسُواْ مَا ذُكِّرُواْ بِهِ أَنجَيْنَا الَّذِينَ يَنْهَوْنَ عَنِ السُّوءِ وَأَخَذْنَا الَّذِينَ ظَلَمُواْ بِعَذَابٍ بَئِيسٍ بِمَا كَانُواْ يَفْسُقُونَ (165)

كاتێ كه ئه‌و یاد خستنه‌وانه‌یان فه‌رامۆش كرد، ئه‌وانه‌مان ڕزگار كرد كه (هه‌وڵیان دا بۆ) قه‌ده‌غه‌كردنی ئه‌و كاره ناڕه‌وایه، وه ئه‌وانه‌ی كه سته‌مكار بوون تووشی به‌ڵاو ئازارێكی زۆرمان كردن چونكه ئه‌وانه له‌سنوور ده‌رچووبوون.

فَلَمَّا عَتَوْاْ عَن مَّا نُهُواْ عَنْهُ قُلْنَا لَهُمْ كُونُواْ قِرَدَةً خَاسِئِينَ (166)

كاتێ كه هه‌ر سه‌ركه‌شیان كرد له‌وه‌ی كه قه‌ده‌غه كرابوو لێیان، پێمان وتن: ده ببنه مه‌یمونی سه‌رشۆڕو خه‌جاڵه‌ت و ده‌ربه‌ده‌ر.

وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكَ لَيَبْعَثَنَّ عَلَيْهِمْ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَن يَسُومُهُمْ سُوءَ الْعَذَابِ إِنَّ رَبَّكَ لَسَرِيعُ الْعِقَابِ وَإِنَّهُ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ (167)

(یادیان بێنه) كه په‌روه‌ردگاری تۆ (ئه‌ی محمد صلى الله عليه وسلم) بڕیاری داوه كه تا ڕۆژی قیامه‌ت (نه‌یه‌ڵێت بحه‌سێنه‌وه)، هه‌میشه كه‌سانێک بكاته ملۆزم دژیان كه ئازارو ئه‌شكه‌نجه‌و به‌ڵای سه‌ختیان بۆ پێش بێنن، به‌ڕاستی په‌روه‌ردگاری تۆ زۆر به‌خێرایی تۆڵه ده‌سێنێت (له سته‌مكاران)، هه‌روه‌ها زۆر لێخۆش بوو میهره‌بانیشه (بۆ ته‌وبه‌كاران و ئیمانداران).

وَقَطَّعْنَاهُمْ فِي الأَرْضِ أُمَمًا مِّنْهُمُ الصَّالِحُونَ وَمِنْهُمْ دُونَ ذَلِكَ وَبَلَوْنَاهُمْ بِالْحَسَنَاتِ وَالسَّيِّئَاتِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ (168)

(سەرئەنجام نەوەی ئیسرائیلمان) کرد بە چەند بەشەوە لە سەر زەویدا، هەیانە چاک و لەخواترسە، هەشیانە وا نیەو لە پلەیەکی نزمدایە، وە بەخۆشیی (ناپوختەکانیانمان) تاقیکردەوە بەڵکو بگەڕێنەوە (بۆ ڕێبازی ڕاست و دروست).

فَخَلَفَ مِن بَعْدِهِمْ خَلْفٌ وَرِثُواْ الْكِتَابَ يَأْخُذُونَ عَرَضَ هَذَا الأدْنَى وَيَقُولُونَ سَيُغْفَرُ لَنَا وَإِن يَأْتِهِمْ عَرَضٌ مِّثْلُهُ يَأْخُذُوهُ أَلَمْ يُؤْخَذْ عَلَيْهِم مِّيثَاقُ الْكِتَابِ أَن لاَّ يِقُولُواْ عَلَى اللّهِ إِلاَّ الْحَقَّ وَدَرَسُواْ مَا فِيهِ وَالدَّارُ الآخِرَةُ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَ أَفَلاَ تَعْقِلُونَ (169)

(لەوەودوا) کەسانێکی تر لە (سەدەکانی دوایی دا) خۆیان کردە خاوەنی (تەورات)، ئەوانە (بەپەرۆشەوە) پەلاماری کەل و پەلی ئەم دنیایە دەدەن، وە دەڵێن (خوا) لێمان خۆش دەبێت (بەهەر شێوەیەک) ماڵی دنیایان دەست کەوێت وەری دەگرن و (چاویان تێرنابێت) باشە، ئاخرئەوانە لەرێگەی تەوراتەوە پەیمانیان لێ وەرنەگیراوە کە بەدەم خواوە شتێک نەڵێن جگە لە حەق و ڕاستی، خۆ هەرچی لە تەورات دا هەیە، ئەوانە خوێندویانە و دەیزانن!!، (بێگومان) ماڵی قیامەت، بەهەشتی بەرین، چاکترە بۆ ئەوانەی کە خواناسیی و دینداریی دەکەنە کاڵای باڵایان، ئایا ئەوە عەقڵ و ژیریتان ناخەنەکار؟!

وَالَّذِينَ يُمَسَّكُونَ بِالْكِتَابِ وَأَقَامُواْ الصَّلاَةَ إِنَّا لاَ نُضِيعُ أَجْرَ الْمُصْلِحِينَ (170)

(بەڵام) ئەوانەی کە پابەندی تەوراتن (کە هانیان دەدا بۆ باوەڕ هێنان بە محمد صلى الله عليه وسلم) وە نوێژەکانیان بەچاکیی ئەنجام دەدەن، بێگومان ئێمە پاداشتی چاک و ویستیان و چاکەکاران بەزایە نادەین.

وَإِذ نَتَقْنَا الْجَبَلَ فَوْقَهُمْ كَأَنَّهُ ظُلَّةٌ وَظَنُّواْ أَنَّهُ وَاقِعٌ بِهِمْ خُذُواْ مَا آتَيْنَاكُم بِقُوَّةٍ وَاذْكُرُواْ مَا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ (171)

(بیریان بێنە) کاتێ کە کێوی (طورمان) لەجێی خۆی هەڵکەندو لە شوێنی خۆی بەرزمان کردەوە بەسەریاندا وەکو پەڵە هەورێك، وە بەتەواوی ترسیان لێ نیشت و وایان زانی کە دەکەوێت بەسەریان دا، (ئەوسا پێمان وتن) دە ئیتر ئەوەی پێمان بەخشیون بە توندی بیگرن و لە سنووری دەرمەچن، ئەو (فەرمانانەی کە تیایەتی) هەمیشە لە یادتان بێت، بەڵکو بەردەوام دیندارو پارێزکاربن.

وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِن بَنِي آدَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَى أَنفُسِهِمْ أَلَسْتَ بِرَبِّكُمْ قَالُواْ بَلَى شَهِدْنَا أَن تَقُولُواْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَذَا غَافِلِينَ (172)

(بیریان بێنە) کاتێ کە پەروەردگارت لە نەوەی ئادەم پەیمانی وەرگرت، هەموو نەوەکانی پشتاو پشتی کۆکردەوە (لە جیهانی پەنهان و شاراوەدا)، (کاتێ کە هاتنە) مەیدانی بوون، کردنی بەشایەت بەسەر خۆیانەوەو (پێی فەرموون): (لەڕێگەی پێغەمبەران و بەڵگە زانستیەکانەوە) ئایا من پەروەردگاری ئێوە نی؟! هەموو وتیان: بەڵێ شایەتین (کە تۆ پەروەردگارمانی)، ئەمەش بۆ ئەوەی نەوەکو لە ڕۆژی قیامەت دا بڵێن: ئێمە ئاگامان لە شتی وا نەبووە!!

أَوْ تَقُولُواْ إِنَّمَا أَشْرَكَ آبَاؤُنَا مِن قَبْلُ وَكُنَّا ذُرِّيَّةً مِّن بَعْدِهِمْ أَفَتُهْلِكُنَا بِمَا فَعَلَ الْمُبْطِلُونَ (173)

یاخود بڵێن (پەروەردگارمان) ئێمە چی بکەین، باوانمان پێشتر موشریک بوون، وە ئێمە نەوەیەک بووین دوای ئەوان هاتین و (شوێنیان کەوتین)، ئایا بەهۆی کاری نادروستی ئەوانەوە ئێمە لەناو دەبەیت؟!

وَكَذَلِكَ نُفَصِّلُ الآيَاتِ وَلَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ (174)

ئابەم شێوەیە بەڵگەی زۆر دەهێنینەوە بەڵکو بەگەڕێنەوە بۆ سەر ڕاستە شەقامی ئیمان.

وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ الَّذِيَ آتَيْنَاهُ آيَاتِنَا فَانسَلَخَ مِنْهَا فَأَتْبَعَهُ الشَّيْطَانُ فَكَانَ مِنَ الْغَاوِينَ (175)

(ئەی محمد صلى الله عليه وسلم) هەواڵی ئەو کەسەیان پێ ڕابگەیەنە کە بەڵگەو نیشانەکانی خۆمانمان پێ بەخشی، کەچی ئەویش خۆی لێ داماڵی، خۆی لێ دوورەپەرێز گرت، ئەوسا ئیتر شەیتان شوێنی کەوت و دەستی لێ بەرنەدا تا کردی بە گومڕاو سەرلێ شێواو.

وَلَوْ شِئْنَا لَرَفَعْنَاهُ بِهَا وَلَكِنَّهُ أَخْلَدَ إِلَى الأَرْضِ وَاتَّبَعَ هَوَاهُ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ الْكَلْبِ إِن تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَثْ أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَث ذَّلِكَ مَثَلُ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا فَاقْصُصِ الْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ (176)

خۆ ئەگەر بمانویستایە بە هۆکارانە بەرزمان دەکردەوە، بەڵام ئەو خۆی چەسپان بە زەوییەوە و (دەستی کرد بە دنیا پەرستی و) شوێنی ئارەزووەکانی کەوت، نموونەی (ئەو جۆرە کەسانە) وەکو سەگ وایە ئەگەر دەری بکەیت و پیاهەڵشاخێی هەناسە بڕکێیەتی، یا وازی لێ بێنی هەر لە هەناسە بڕکێ ناکەویت، ئەمە نموونەی ئەو کەسانەیە کە ئایەتەکانی ئێمە بەدرۆ دەخەنەوە، ئەم جۆرە بەسەرهاتانە بگێڕەرەوە بەڵکو (داچڵەکێن و) بیر بکەنەوە.

سَاء مَثَلاً الْقَوْمُ الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا وَأَنفُسَهُمْ كَانُواْ يَظْلِمُونَ (177)

ئای کە چەندە نموونەیەکی ناشرینە، نموونەی ئەو کەسانەی کە بەڵگەو نیشانەکانی ئێمە بەدرۆ دەخەنەوە، وە هەر خۆیان ستەم لە خۆیان دەکەن.

مَن يَهْدِ اللّهُ فَهُوَ الْمُهْتَدِي وَمَن يُضْلِلْ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ (178)

(بێگومان) ئەوەی خوا هیدایەتی بدات (بەهۆی ژیری و بیرتیژیەوە) ئەوە ڕێبازی هیدایەتی گرتۆتە بەر، ئەوەش کە گومڕای بکات (بەهۆی ناپوختیی و تاریکیی و دڵ و دەروونیەوە) ئا ئەوانە خەسارەتمەندو زەرەرمەندن.

وَلَقَدْ ذَرَأْنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيرًا مِّنَ الْجِنِّ وَالإِنسِ لَهُمْ قُلُوبٌ لاَّ يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لاَّ يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ آذَانٌ لاَّ يَسْمَعُونَ بِهَا أُوْلَئِكَ كَالأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ أُوْلَئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ (179)

بێگومان ئێمە کەسانێکی زۆرمان لە پەریان و ئادەمیزادان بەدی هێناوە کە (شایستەی) دۆزەخن، ئەوانە دەسگای لێکدانەوەو بیرکردنەوەیان هەیە بەڵام بەکاری ناهێنن بۆ بیرکردنەوەو لێکدانەوە، چاویشیان هەیە (بەڵام هەر ڕووکەشی پێ دەبینن، ناوەڕۆکی شتەکانی) پێ نابینن، گوێچکەو دەستگای بیستنیشیان هەیە (بەڵام ڕاستی یەکانی) پێ نابیستن ئەوانە وەکو ئاژەڵ وان، بەڵکو ئەوانە گومڕاتریشن ئەوانە غافڵ و بێ ئاگاو کەڕەواڵەکانن.

وَلِلّهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا وَذَرُواْ الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَآئِهِ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ (180)

هەرچی ناوە جوان و پیرۆزەکان هەیە هەمووی شایستەی خوایە، جا بەو ناوانە دۆعاو نزا بکەن و هاناو هاواری بۆ بەرن، واز بێنن لەوانەی کە ناوە پیرۆزەکانی دەشێوێنن، لە ئایندەدا پاداشتی کارو کردەوەکانیان وەردەگرن.

وَمِمَّنْ خَلَقْنَا أُمَّةٌ يَهْدُونَ بِالْحَقِّ وَبِهِ يَعْدِلُونَ (181)

لەو خەڵکەی کە دروستمان کردوون دەستەو گرۆی زۆریان هەیە کە شوێنی حەق و ڕاستی دەکەون و هەر لەسەر بنچینەی ئەو حەق و ڕاستی یە، دادپەروەری ئەنجام دەدەن.

وَالَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا سَنَسْتَدْرِجُهُم مِّنْ حَيْثُ لاَ يَعْلَمُونَ (182)

ئەوانەش کە بەڵگەو نیشانەو بەرنامەی ئێمە بەدرۆ دەخەنەوە، ئێمە بەرەو سەرئەنجامی (ناکامیان) دەیانبەین، بێ ئەوەی هەستی پێ بکەن و بزانن.

وَأُمْلِي لَهُمْ إِنَّ كَيْدِي مَتِينٌ (183)

من مۆڵەتیان دەدەم، (بەڵام کە تۆڵەم لێ سەندن) بەڕاستی تۆڵە سەندنەکەم توندو بەهێزە.

أَوَلَمْ يَتَفَكَّرُواْ مَا بِصَاحِبِهِم مِّن جِنَّةٍ إِنْ هُوَ إِلاَّ نَذِيرٌ مُّبِينٌ (184)

باشه، ئەوە (ئەو خەڵکە) بیرێک ناکەنەوە (لە گوفتارو قسە ڕێک و پێکەکانی محمد صلی الله علیه وسلم) خۆ ئەو هاوەڵەیان شێت نیە، بەڵکو ئەو (بەڕێزە) بریتییە لە بێدارخەرەوەیەکی ئاشکرا.

أَوَلَمْ يَنظُرُواْ فِي مَلَكُوتِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا خَلَقَ اللّهُ مِن شَيْءٍ وَأَنْ عَسَى أَن يَكُونَ قَدِ اقْتَرَبَ أَجَلُهُمْ فَبِأَيِّ حَدِيثٍ بَعْدَهُ يُؤْمِنُونَ (185)

ئایا ئەوانە سەرنجی ئەم هەموو بونەوەرە نادەن لە ئاسمانەکان و زەویدا، وە ئەو هەموو دروستکراوانەی کە خوا بەدی هێناوە، خۆ لەوانەیە تیاچونیان زۆر نزیک بێت (کاتێ کە باوەڕ بەم قورئانە ناکەن) بە چ گوفتارێکی تری جگە لەم بڕوا دێنن.

مَن يُضْلِلِ اللّهُ فَلاَ هَادِيَ لَهُ وَيَذَرُهُمْ فِي طُغْيَانِهِمْ يَعْمَهُونَ (186)

ئەوەی خوا گومڕای بکا (بەهۆی لاساری و بێ دینی خۆیەوە) کەس ناتوانێت ببێتە هۆی هیدایەت دانی، (خوایش بۆ ماوەیەک) وازیان لێ دێنێت تا لە ستەمیان گێر بخۆن و بتلێنەوە.

يَسْأَلُونَكَ عَنِ السَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَاهَا قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ رَبِّي لاَ يُجَلِّيهَا لِوَقْتِهَا إِلاَّ هُوَ ثَقُلَتْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ لاَ تَأْتِيكُمْ إِلاَّ بَغْتَةً يَسْأَلُونَكَ كَأَنَّكَ حَفِيٌّ عَنْهَا قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ اللّهِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَعْلَمُونَ (187)

(ئەی محمد صلی الله علیه وسلم) پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی قیامەت کە: کەی بەرپا دەبێت؟ پێیان بڵێ: زانینی کاتی بەرپابوونی هەر لای پەروەردگارمە، کەس نیە جگە لەو بتوانێت ئاشکرای بکات و کاتەکەی بزانێت، جگە لە زاتی خۆی، بەرپابوونی قیامەت زۆر گرانەو زۆر دەکەوێت لەسەر ئاسمانەکان و زەوی (چونکە شیرازەی هەموو تێك دەچێت و لێک هەڵدەوەشێت) کوت و پڕ نەبێت بەرپا نابێت، لەپڕ یەخەتان پێ دەگرێت، وا پرسیارت لێ دەکەن هەر وەک ئەو نهێنیە بزانیت و لەوانی بشاریتەوە، پێیان بڵێ: بەڕاستی زانینی بەرپا بوونی

قیامەت تەنها خوا دەیزانێت و لای ئەوە، بەڵام زۆربەی خەڵکی نازانن (فەرامۆشی دەکەن، داناچڵەکێن، تێ ناگەن).

قُل لاَّ أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعًا وَلاَ ضَرًّا إِلاَّ مَا شَاء اللّهُ وَلَوْ كُنتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لاَسْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِيَ السُّوءُ إِنْ أَنَاْ إِلاَّ نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ (188)

(ئەی محمد صلى الله عليه وسلم) پێیان بڵێ: کە من ناتوانم هیچ قازانج یا زەرەرێک بە خۆم بگەیەنم مەگەر ویستی خوای لەسەر بێت، خۆ ئەگەر غەیب و شاراوەکانم بزانیایە ئەوە کاری چاکەی زۆر ئەنجام دەدا بۆ خۆم و (ئوممەتم)، وە هیچ ناخۆشیەکیشم بۆ پێش نەدەهات، من تەنیا بریتیم لە ترسێنەری (یاخی یەکان لە سزای خوا) وە مژدەبەخشیشم بەوانەی کە باوەڕیان هەیە.

هُوَ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَجَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا لِيَسْكُنَ إِلَيْهَا فَلَمَّا تَغَشَّاهَا حَمَلَتْ حَمْلًا خَفِيفًا فَمَرَّتْ بِهِ فَلَمَّا أَثْقَلَت دَّعَوَا اللّهَ رَبَّهُمَا لَئِنْ آتَيْتَنَا صَالِحًا لَّنَكُونَنَّ مِنَ الشَّاكِرِينَ (189)

هەر زاتی خوایە کە ئێوەی دروست کردووە لە تاکە کەسێك، وە هەر لەو کەسەش هاوسەرەکەی بەدی هێناوە تا ئارام بگرێت لەلای دا، جا کاتێ پیاو چووە لای هاوسەرەکەی، وە بوو (بەهۆی ئەوەی) کە بارێکی سووک هەڵگرێت، (پاشان) کە باری ئافرەتەکە بەرەو سەنگینی دەچێت (ئەو ژن و مێردە) لەخوا دەپاڕێنەوە خوایە، ئەگەر تۆ منالێکی بێ عەیب و تەواومان پێ ببەخشی، ئەوە بەڕاستی سوپاسگوزاری تۆ دەبین.

فَلَمَّا آتَاهُمَا صَالِحًا جَعَلاَ لَهُ شُرَكَاء فِيمَا آتَاهُمَا فَتَعَالَى اللّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ (190)

کەچی کاتێ کە نەوەی پاک و بێ عەیبی پێ بەخشین هاوەڵی بۆ بڕیار دەدەن، قەدری خوا نازانن لەو بەشەدا کە پێی داون، لە کەتێکدا کە خوا زۆر بەرزو لە بەرانبەر ئەو شتانەوە کە دەیکەنە هاوبەشی.

أَيُشْرِكُونَ مَا لاَ يَخْلُقُ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ (191)

ئایا کەسێك یا شتێك دەکەنە شەریک و هاوبەش کە ناتوانێت هیچ شتێک دروست بکات، بەڵکو هەر خۆشیان دروستکراون.

وَلاَ يَسْتَطِيعُونَ لَهُمْ نَصْرًا وَلاَ أَنفُسَهُمْ يَنصُرُونَ (192)

هەرگیز ناتوانن سەرکەوتن بەکەس ببەخشن، بەڵکو ناتوانن بەرگریی لە خۆیشیان بکەن.

وَإِن تَدْعُوهُمْ إِلَى الْهُدَى لاَ يَتَّبِعُوكُمْ سَوَاء عَلَيْكُمْ أَدَعَوْتُمُوهُمْ أَمْ أَنتُمْ صَامِتُونَ (193)

خۆ ئەگەر بانگیان بکەی بۆ بانگەوازی هیدایەت، شوێنتان ناکەون، چوونیەکیشە بۆتان بانگیان بکەن یا بێ دەنگ بن.

إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللّهِ عِبَادٌ أَمْثَالُكُمْ فَادْعُوهُمْ فَلْيَسْتَجِيبُواْ لَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ (194)

بەڕاستی ئەوانەی ئێوە هاواریان لێ دەکەن و لە جیاتی خوا لێیان دەپاڕێنەوە، بەندەی وەکو ئێوەن (هیچیان بەدەست نیە) دە هاواریان لێ بکەن، با بێن بە هاوارتانەوە ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن (لەو داوایەتان دا).

أَلَهُمْ أَرْجُلٌ يَمْشُونَ بِهَا أَمْ لَهُمْ أَيْدٍ يَبْطِشُونَ بِهَا أَمْ لَهُمْ أَعْيُنٌ يُبْصِرُونَ بِهَا أَمْ لَهُمْ آذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا قُلِ ادْعُواْ شُرَكَاءكُمْ ثُمَّ كِيدُونِ فَلاَ تُنظِرُونِ (195)

(مەگەر ئەو پەرستراوانە) قاچیان هەیە پێی بڕۆن بەڕێوە؟ یاخود چاویان هەیە پێی ببینن؟ یاخود گوێچکەکەیان هەیە پێی ببستن؟ (ئەوجا ئەی محمد صلى الله عليه وسلم پێیان) بڵێ: داوا لە پەرستراوەکانتان بکەن و چیتان لەدەست دێت لە پیلان گێڕان بیکەن و مۆڵەتم مەدەن.

إِنَّ وَلِيِّيَ اللّهُ الَّذِي نَزَّلَ الْكِتَابَ وَهُوَ يَتَوَلَّى الصَّالِحِينَ (196)

(وە بڵێ): بەڕاستی پشت و پەنای من ئەو خوایەیە کە قورئانی ڕەوانە کردووە، وە هەر ئەو یارو یاوەری چاکان و پاکانە.

وَالَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِ لاَ يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَكُمْ وَلآ أَنفُسَهُمْ يَنْصُرُونَ (197)

ئەو (بت و شتانەی) کە ئێوە لەجیاتی خوا هاناو هاواریان بۆ دەبەن ناتوانن سەرکەوتنتان پێ ببەخشن، (تەنانەت) ناتوانن زەرەرو زیان لەخۆشیان دوور بخەنەوە.

وَإِن تَدْعُوهُمْ إِلَى الْهُدَى لاَ يَسْمَعُواْ وَتَرَاهُمْ يَنظُرُونَ إِلَيْكَ وَهُمْ لاَ يُبْصِرُونَ (198)

خۆ ئەگەر بانگیانبکەیت بۆ ڕێبازی هیدایەت (بت پەرستان) بانگەوازت نابیسن، دەبینی سەیرت دەکەن (بەڵام چونکە بیروهۆشیان داخستوە) هەرووەک نەت بینن وایە.

خُذِ الْعَفْوَ وَأْمُرْ بِالْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ الْجَاهِلِينَ (199)

(بەجوانترین شێوە بانگەواز بکە) و چاوپۆشی لە هەڵەو کەم و کوڕیەکانیان بکە، فەرمان بەچاکەو چاکەکاری بدە، خۆت لادە لە نەفام و تێنەگەیشتوان.

وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ الشَّيْطَانِ نَزْغٌ فَاسْتَعِذْ بِاللّهِ إِنَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ (200)

هەرکاتێ شەیتان ویستی لە خشتەت بەرێت و تووشی هەڵەت بکات تۆ پشت بەخوا ببەستە، چونکە ئەو زاتە بیسەرو زانایە.

إِنَّ الَّذِينَ اتَّقَواْ إِذَا مَسَّهُمْ طَائِفٌ مِّنَ الشَّيْطَانِ تَذَكَّرُواْ فَإِذَا هُم مُّبْصِرُونَ (201)

بەڕاستی ئەوانەی کە پارێزکارو تەقوادارن، هەر کە شەیتان خەتەرەو خەیاڵی خستە دڵیانەوە، خێرا بێدار دەبنەوە و ڕێبازی ڕاست بەدی دەکەن و (لێیان ناشێوێت).

وَإِخْوَانُهُمْ يَمُدُّونَهُمْ فِي الْغَيِّ ثُمَّ لاَ يُقْصِرُونَ (202)

براكانیشیان (له شەیتانه ئادەمی یەكان) یاریدەدەری (شەیتانه پەریەكانن) لەسەر (ڕازاندنەوەی) گوناهو لادان و تاوان، كۆڵ نادەن و كول نابن.

وَإِذَا لَمْ تَأْتِهِم بِآيَةٍ قَالُواْ لَوْلاَ اجْتَبَيْتَهَا قُلْ إِنَّمَا أَتَّبِعُ مَا يُوحَى إِلَيَّ مِن رَّبِّي هَذَا بَصَآئِرُ مِن رَّبِّكُمْ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ (203)

هەر كات تۆ (لەسەر داخوازیان)، (معجزة)یان نیشان نەدەی (خوانەناسان) به (گاڵتەو تەڵفیسەوه) دەڵێن: دەی كوا بۆ دروستی ناكەی، بۆ هەڵی نابەستی؟! پێیان بڵێ: (من لەو كەسانه نیم كه خۆم شت هەڵبەستم) من تەنها شوێن كەوتەی ئەو نیگایەم كه لەلایەن پەروەردگارمەوه پێم دەگات، ئەم قورئانەی (كه ئێوه باوەڕتان پێی نیه) چاوساغێكه لەلایەن پەروەردگارتانەوه، هیدایەت بەخش و ڕەحمەتیشه بۆ ئەو كەسانەی كه باوەڕ دەهێنن.

وَإِذَا قُرِئَ الْقُرْآنُ فَاسْتَمِعُواْ لَهُ وَأَنصِتُواْ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ (204)

هەر كاتێ كه قورئان خوێنرا، گوێی بۆ بگرن و بێ دەنگ بن، بەڵكو ڕەحمتان پێ بكرێت و پەروەردگار بەزەیی پیاتان بێتەوه.

وَاذْكُر رَّبَّكَ فِي نَفْسِكَ تَضَرُّعًا وَخِيفَةً وَدُونَ الْجَهْرِ مِنَ الْقَوْلِ بِالْغُدُوِّ وَالآصَالِ وَلاَ تَكُن مِّنَ الْغَافِلِينَ (205)

یادی پەروەردگارت بكه له دڵ و دەروونی خۆتا، لێی بپاڕێرەوه به نهێنی، بێ دەنگ بەرز كردنەوه، له بەیانیان و دەمەو ئێواراندا، هەرگیز لەو كەسانه مەبه كه غافڵ و بێ ئاگا (یا هەر یادی نەكەن، یاخود كه دەیكەن تەنها به زمانەو دڵیان غافڵه).

إِنَّ الَّذِينَ عِندَ رَبِّكَ لاَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِهِ وَيُسَبِّحُونَهُ وَلَهُ يَسْجُدُونَ (206)

بێگومان ئەو (فریشته بەڕێزانەی) كه لای پەروەردگارتن هەرگیز خۆ به گەوره دانانێن له پەرستنی پەروەردگاردا، بەڵكو بەردەوام تەسبیحات و ستایشی دەكەن، سووژدەو كوڕنووشی بۆ دەبەن.